# نەخشە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی
# وەهمەکان، ئەستەنگەکان، ڕێگاچارەکان و میکانیزمەکان



د. شێرکۆ کرمانج
توێژەری پۆست-دکتۆرا،
زانکۆی ساوس
ئوستراليا
sherko9@hotmail.com


ئارام ڕەفعەت
خوێندکاری دکتۆرا،
زانکۆی ئەدلاید،
ئوستراليا
aramrafaat07@yahoo.com


## دەسپێک:[*]

پرسی مافی چارەنوس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی لەسەروبەندی نەورۆزی ئەم ساڵەوە تەکانێکی گەورەی پێدراوە و کۆدەنگییەکی بێهاوتاشی بەخۆیەوە بینیوە. چارەسەری فیدراڵی بە بنبەست گەیشتووە، ئەگەر نەڵێین شکستی هێناوە.
هەوڵەکانی بە دیموکراسیکردنی عێراق ڕوکەشانەن و هەوڵەکانی بە سێنترالیزەکردنەوەی عێراق بەردەوامەو ئەگەرەکانی بەدیکتاتۆربوونەوەی عێراق لە دیموکراتیزەکردنی زۆر بەهێزترن. لەپاڵئەمانە، خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستور لەسەروی هەموویانەوە مادەی ١٤٠ی چارەنوسساز کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدای قووڵترکردۆتەوە. گەلی کوردستان تەنگی پێهەڵچنراوەو تەعریبی کوردستان بەردەوامە و پرس و مافەکانی گەلی کوردستان پشتگوێخراون. هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە بە ئیزافەی ڕەوایی و شەرعییەتی گەلی کوردستان لە بڕیاردانی چارەنوسی خۆی، کە دەیان ساڵە خەباتی بۆ دەکات، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی وەک بەدیلێک بۆ چارەسەییەکانی دیکە کردووە بەهەنووکەییترین و ریشەییترین چارەسەری کێشەی گەلی کوردستان لە عێراقدا.
ئەم وەرچەرخانە لەوەدا رەنگیداوەتەوە کە هەر سێ حزبە سەرەکییەکەی کوردستان، یەکێتی و پارتی و گۆڕان، بەڕاشکاوی و لەبەرزترین ئاستدا دەوڵەتی کوردستانییان وەک ئامانجی حزبەکانییان باسدەکەن. یەکێتی لەسەرزاری بەڕێز کۆسرەت ڕەسول، کەسی دووەمی حزبەکە، رایگەیاند "ئەگەر بە دەستی ئەو بوایە ئەوا هەر ئێستا دەوڵەتی کوردی ڕادەگەیاند". ئاماژەی بەوەشدا کە "لە ئێستادا بارودۆخی ناوخۆیی و عێراقی و نێودەوڵەتی شیاون بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردی رابگەیەنرێت". پارتیش لەرێگای بەرێز مەسعود بارزانییەوە، کە سەرۆکی پارتەکەیەو لەهەمانکاتیشدا سەرۆکی هەرێمە، رایگەیاند "ئەو ڕۆژە هەر دێت کە ... مژدەی [دامەزراندی دەوڵەتی کوردستان] تان پێ رابگەیندرێت و دواتریش جەختیکردەوە " گەر تا مانگی ئەیلولی ئەمساڵ ... کێشهکانی نێوان هەرێم و عێراق چارەسەرنەکرێت، ئەوا راپرسی لە بارەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام دەدات."

[*] تێبینی: ئەم بابەتە لە حەوت بەشدا لە رۆژنامەی هاولاتیدا بلاوکراوەتەوە

بەهەمانشێوەش، ڕێکخەری بزوتنەوەی گۆڕان بەڕێز نەوشیروان مستەفا "دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان"ی بە "باڵاترین ئامانجی نەتەوەیی" بزوتنەوەکەی دانا.

ڕۆشنبیران و ئەکادیمییەکان و ڕۆژنامەنوسان و چاودێرانی سیاسی ساڵێک زیاترە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی باشوری سودان و سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیان کردوە بە یەکێک لە سەرەکیترین پرسی بابەتەکانیان. لەم ماوەیەدا سەدان وتار و لێکۆڵینەوە نوسراوە و لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان گفتوگۆ و تێڕوانینی جیاجیا خراوەتەڕوو.

ئەو هەوڵەی ئێمەش، کە لە شێوە پڕۆژەیەک ئامادەکراوە، دەچێتە نێو ئەو باسوخواسانە. بەڵام بابەتەکەی ئێمە لە قالبی قسەو گفتوگۆو ڕەخنە و سەرکۆنە دەچێتە دەرەوەو لەجیاتی ناکرێ و نابێت، چی بکەین دەکاتە هەوێنی پرۆژەکە. پرۆژەکە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ دەربازکردنی نیگەرانیی و ناڕۆشنییەکانی پەیوەست بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی، لەهەمان کاتدا، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی پرۆسە و میکانیزمەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. لەبەر گرنگی بابەتەکەو هەمەلایەنی ئەو پرسانەی پەنجەیان لەسەردادەنێت و شرۆڤەیان دەکات پرۆژەکە لە زنجیرە وتارێکدا بڵاودەکرێتەوە کە هەر یەکەیان تەواوکەری ئەوەی دیکەیە. بابەتەکە دابەشکراوە بۆ قسەکردن و شیکردنەوەی ئەم پرسانە:

- بەشی یەکەم: تێکەڵ و پێکەڵکردنی چەمک و قۆناغەکان
- بەشی دووەم: ئەستەنگ و تەحەداکانی بەردەم پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی
- بەشی سێیەم: دامەزراندنی دەوڵەت لەنێوان بەشەخسیکردن و بەجەماوەریکردندا
- بەشی چوارەم: ڕاگەیاندنی دەوڵەت و پرسی ناوچە دابڕاوەکان
- بەشی پێنجەم: گرنگی و هەنوکەیی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی – هەلومەرجی کوردستانیی
- بەشی شەشەم: گرنگی و هەنوکەیی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی – هەلومەرجی عێراقیی
- بەشی هەفتەم: گرنگی و هەنوکەیی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی – هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی

## بەشی یەکەم: تێکەڵ و پێکەڵکردنی چەمک و قۆناغەکان

پێشئەوەی بێینە سەر جەوهەری پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی، لەم بەشە باس لە چەند چەمکێکی گرنگ لەمەڕ پرسەکە دەکەین، لەوانە: دروستبوونی نەتەوە (nation formation)، بنیاتنانی دەوڵەت (state building)، دامەزراندنی دەوڵەت (establishing a state) لەگەڵ بنیاتنانی نیشتیمان (nation building). دواتریش میکانیزمێک پێشکەش دەکەین هەم ئەم ناڕۆشنی و تێکەڵکردنانە کاڵ دەکاتەوە هەم پێشمەرجی مانەوە و بەردەوامی ئەو دەوڵەتەیە کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان خەونی پێوەدەبینن.

بایەخی باسکردنی ئەم چەمکانە لەوەدایە کە لەلایەکەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانییەوە هەیە. لەلایەکی تریشەوە، ناڕۆشنی و تێنەگەییشتن و تێکەڵکردنێکی فراوان هەیە بۆ ئەم چەمکانە لەلایەن هەردوو بەرەوە: ئەوانەی پشتیوانی لە دامەزراندنی هەنوکەیی دەوڵەتی کوردستانی دەکەن و ئەوانەش کە هەنگاوێکی وا لە ئێستادا بەگونجاو نازانن. تێکەڵکردن و تێنەگەییشتن لەو چەمکانە بوونەتە سەرچاوەی ئەوەی کە:

1. قۆناغەکان و پرۆسە و پرسەکان و ئەستەنگەکان لێکجیانەکرێنەوە.
2. بوون بە مایەی ئەوەی کە هەندێک لە ئەستەنگ و کێشەکان بە ڕێگرێکی هەنوکەیی دامەزراندنی دەوڵەت دابنرێن. تێگەییشتن لەم چەمکانە بەرچاو ڕۆشنییەک دەدات بۆ جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی

ئەو پرسانەی کە دەکرێت وەک پێشمەرجی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەژمار بکرێن و ئەوانەش کە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.
ئێمە ئەم چەمکانە بەشێوەیەک ڕیزبەند دەکەین کە لەگەڵ پرۆسە و قۆناغەکانی حاڵەتی کوردستان گونجاوە. ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نیە کە قۆناغەکان لە هەموو حاڵەتێکدا بەم ڕیزبەندییە تێپەڕدەبن. بۆ بەرچاوڕوونیش بەراوردی دەکەین بە حاڵەتی عێراق کە تا ڕادەیەک پێچەوانەی حاڵەتی کوردستانە. ئەم چەمکانە تەواوکەری یەکدین و تێکهەڵکێشراون بەڵام لە هەندێک شتیش لێکجیان.

## دروستبوونی نەتەوە (nation formation)

دروستبوونی نەتەوە ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتی- سیاسییە کە تێیدا خێڵ و قەبیلەکان وردە وردە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا دەتوێنەوەو دەبن بە گروپی ئەتنیکی ( ethnic) و لەوێشەوە دەبن بە نەتەوە (ئوممە، nation) . دیارە ئەم گۆڕانکارییانە لە خودو خۆڕاییەوە ڕوونادەن بەڵکو لە ژێر کاریگەری هەندێک فاکتەری مەوزوعی و هەندێکی زاتی ڕوودەن.
فاکتەرە مەوزوعییەکان بریتین لە گەشەی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە میانی پرۆسەی مۆدێرنازەیشن (modernization). بۆنمونە، دروستبوونی میدیا و قوتابخانە و سەرهەڵدانی پیشەسازی و کۆچکردن و گەورەبوونی شارەکان (urbanization). فاکتەرە زاتییەکانیش بریتین لە دەستێوەردان و کاریگەریی نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیریی گروپەکە لە زیندوکردنەوەو زیدوڕاگرتن و دروستکردنی یادەوەری هاوبەش و دیاریکردنی چارەنوسی هاوبەش. بۆنمونە، دانانی سەربەخۆیی و ڕزگاری نیشتیمانی وەک ئامانجێکی "نەتەوەیی" هاوبەش لەلایەن نوخبەی سیاسی کوردی نیشتەجێ لە ئەستەمبۆل؛ ئەفراندنی سرود بۆ گەل و نیشتیمان لەلایەن شاعیر و گۆرانیبێژان و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە کۆماری مەهابادەوە لەلایەن ڕابەرانی کورد؛ زیندوکردنەوەو زیندوڕاگرتنی نەورۆز لەلایەن پیرەمێرد.
پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەی کورد قۆناغی چاکی بڕیوە. ئەو کەسانە کەمن کە گومان لە بوون بە نەتەوەبوونی کورد دەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە وەک قۆناغی یەکەم لە پرۆسەی ژێر باسدا دامانناوە. دیارە ئەم قۆناغە دەکرێت پێش دامەزراندنی دەوڵەت بکەوێت، وەک لە حاڵەتی کوردیدا کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە کاری لەسەر دەکرێت. دەشکرێت دوای دامەزراندنی دەوڵەت بکەوێت وەک لە حاڵەتی عێراقییدا کە دروستکردنی نەتەوەی عێراق (Iraqi nation) لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢١ ـەوە کاری لەسەر دەکرێت.

## بنیاتنانی دەوڵەت (state building)

بنیاتنانی دەوڵەت واتە دروستکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت وەک: حکومەت، پەرلەمان، دادگاکان، پۆلیس، هێزەکانی بەرگری ...هتد. مەبەست لە دامەزراندنی دەوڵەت ڕێکخستن و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی هاوڵاتیانە لەگەڵ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و جێبەجێکردنی یاسا و بەرگریگکردن لە کیانەکە. پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت دەکرێت زیادکردن و چاکترکردنی توانا و قودراتەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەتیش بگرێتەوە. بۆنمونە، دروستکردنی دەزگای چاودێری، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، دەزگای دژە-گەندەڵی... هتد. هەروەها بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکان و بەئەلیکترۆنیکردنی دامودەزگاکان... هتد، واتە پرۆسەیەکی بەردەوامە، هەندێک لەم کردارانە دەچنە خانەی بنیاتنانی نیشتیمانیشەوە.
لە کوردستان ئەم قۆناغە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ کەوتووە. لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە هەرێمی کوردستان لە پرۆسەیەکدا، ئەگەر کرچ و کاڵیش بێت، بەڵام بەردەوام بووە لە دامەزراندنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و هەندێکجاریش هەوڵی چاکترکردنیان دراوە یان پرۆسەکە لە خودی خۆیدا لە پرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتی-سیاسی خۆیدا دەوڵەمەندبووە، وەک سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن. لە عێراق

پرۆسەی دامەزراندنی دامودەزگاکانی دەوڵەت، بەغەیرەز ئەوانەی لە عوسمانییەکانەوە بۆیان بە جێمابوون، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەت دەستیپێکردوە.

### بنیاتنانی نیشتیمان (nation building)

بە گشتی و بە کورتی بنیاتنانی نیشتیمان کارکردن و درێژەدانە بە پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەو بنیاتنانی دەوڵەت بەڵام بۆ ئاستێکی بەرزتر کە کۆڵەکەی لەسەر چەمکی هاوڵاتیبوون و ئەرک و مافەکانی هاوڵاتی و بەرپرسیارییەکانی دەوڵەت داناوە.
پرۆسەی بنیاتنانی نیشتیمان بریتییە لەو هەوڵانەی لەلایەن دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەدرێن بۆ هەرچی زیاتر لێکنزیکردنەوەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە سنوری دەوڵەتەکە [هەرێمەکە] دەژین. بەم لێکنزیکردنەوەیەش دەگوترێت ئاوێتەبوون، ئاوێزان (integration).
دەبێت ئاوێتەبوون و توانەوە (assimilation) لێکجیابکەینەوە. ئاوێتەبوون نابێت ببێتە مایەی لەناوبردنی جیاوازییەکان، چ سیاسی بن چ کەلتوری چ ئاینیی. مەبەستی سەرەکیی لە بنیاتنانی نیشتیمان سەقامگیریی سیاسیی و فەراهەمکردنی دادی کۆمەڵایەتییە بە چەسپاندنی یەکسانی و لەخۆگرتنی (inclusion) گروپە جیاوازەکان. چونکە ناسەقامگیری بە گشتی کاتێک دێتە پێش کە گروپێک لە گروپەکانی کۆمەڵگە وەدەردەنرێن (excluded) یان بە نایەکسانانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، جا ئەم گروپە چ گروپێکی نەتەوەیی، ئاینیی، کەلتوری یان سیاسیی بێت.
دروستکرنی شوناسی نیشتیمانیی بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی بنیاتنانی نیشتیمان پێکدێنێت. شوناسی نیشتیمانیی (کوردستانیی) ئاستێک بەرزترە لە شوناسی نەتەوەیی (کوردیی). کوردبوون زادەی پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەیە (nation formation) و کۆڵەگەکەی هەستی نەتەوەپەرستییە. کەچی کوردستانیبوون زادەی پرۆسەی بنیاتنانی نیشتیمانە (nation building) و کۆڵەگەکەی چەمکی هاوڵاتیبوونە. دەرئەنجامی سەرکەوتووی بنیاتنانی نیشتیمان دروستبوونی ئەو هەستە نیشتیمانییە کە وا لە ئەندامانی کۆمەڵگەیەک بکات کە شوناسێکی هاوبەشیان هەبێت. شوناسی نیشتیمانی لەسەر دروستکردنی کۆمەڵێک شوناسی هاوبەش ڕادەوەستێت، لەوانە: ئاڵای نیشتیمانی، سرودی نیشتیمانی، ڕۆژە نیشتیمانییەکان، زمانی نیشتیمانی، ئەفسانەی نیشتیمانی، یادەوەری هاوبەش، چارەنوسی هاوبەش، تا دەگاتە ستادیۆمی نیشتمانی و هێڵی ئاسمانی نیشتیمانی، زانکۆی نیشتیمانی... هتد.
هەرێمی کوردستان لە پرسی بنیاتنانی نیشتیماندا زۆر کورتی هێناوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە پرۆسەی بنیاتنانی نیشتیمان لە کوردستان دەستیپێنەکردوە. دەبێت ئەوە بڵێین لە کوردستان ئەم پرۆسە لە هەندێک بوار پێش دامەزراندنی دەوڵەت کەوتووە کەچی لە عێراق تەواوی کارکردن لەسەر بنیاتنانی نیشتیمان دوای دامەزراندی دەوڵەتی عێراق دەستیپێکرد، ڕونکردنەوەی زیاتر دەدەین کە لە پەیوەند بە پرۆسەی بنیاتنانی نیشتیمان قسە لەسەر ئەستەنگ و تەحەداکان دەکەین.

### دامەزراندنی دەوڵەت (establishing a state)

رزگاربوون و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ دوا ئامانجی زۆربەی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانە. لە کوردستان پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەستیپێکردوە. دامەزراندنی دەوڵەت بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دانپێنانی بەشێک لە وڵاتانی جیهان دەگاتە ترۆپکی بەڵام پرۆسەی بنیانتانی نیشتیمان و بنیاتنانی دەوڵەت هەر بەردەوام دەبێت و هەرگیز کۆتایی نایێت. پرۆسەیەکی داینامیکەو هەوڵدانە بۆ بەرەو کاملبوون کە گەیشتن پێی دەکرێت بڵێین مەحاڵە.
لەکاتێکدا کە دامەزراندنی دەوڵەت لە کوردستان دوای پرۆسەکانی دروستبوونی نەتەوەو بنیاتنانی نیشتیمان و بنیاتنانی دەوڵەت کەوتووە و هەروا لە چاوەڕێی ڕاگەیاندنی دەوڵەتە، کەچی لە عێراق

دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ئابی ١٩٢١ بە ڕاگەیاندنی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی کۆتاییهات و پرۆسەکانی دروستبوونی نەتەوەو بنیاتنانی نیشتیمان و بنیاتنانی دەوڵەت دەستیانپێکرد.
ئەوەی ئەمڕۆ قسەوباسی لەسەر دەکرێت دامەزراندنی دەوڵەتە کەچی بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و چاودێران و نوخبەی سیاسی کوردستان لەگەڵ بنیاتنانی نیشتیمان یان بنیاتنانی دەوڵەت تێکەڵیانکردوە.
ناڕۆشنی و تێکەڵکردنی ئەو چەمک و قۆناغانە وایکردووە کە لە ناو ئەو وتار و نوسین و کورتە لێکۆڵینەوەو گفتوگۆکانی سەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن نوخبەی ڕۆشنبیریی کوردستان و ڕۆژنامەنوسان ئەوەندەی باس لە ئەستەنگ و تەحەداکانی بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی بکەن ئەوەندە قسە لەسەر لایەنە بەهێز و هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ بەدەوڵەتبوون نەکەن. بەداخەوە، چۆنیەتی لادانی ئەستەنگەکان و زاڵبوون بەسەر تەحەداکان و داهێنانی میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکان و یەکلایکردنەوەی پرسەکان نەکراون بە هەوێنی قسەوباسەکان.
ئێمە پێمانوایە خۆشکردنی زەمینەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی ئەرکی هەموو لایەکە. بۆیەش ئەم کارەی ئێمە هەوڵێکی جیایە لەوانەی ئێستا رووپەڕی ڕۆژنامەو سایتەکانیان پڕکردۆتەوە. ئێمە لە سەرەتا دەڵێین راستە مەسەلەی دامەزراندی دەوڵەتی کوردستانی پەیوەندی بەو پرس و تەحەدایانەوە هەیە کە باسدەکرێن بەڵام ناکرێت لە چوارچێوەی پرس و تەحەداکان قەتیسبکرێت.
چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان، گەندەڵییەکان، خەمساردییەکان، بەهەدەردانی سەروەت و سامان و بودجەی گشتی تا دەگاتە نەهێشتنی ستەمکارییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان ناکرێت بکرێن بە پێشمەرج بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. خۆ ئەگەر چارەسەربکرێن یان کەمبکرێنەوە باشترە. هەندێکیان بە دڵنیاییەوە کاری جدیی و هەنوکەیی دەوێت، کە ئێمە گرنگی تایبەتمان پێداوەن لەم پرۆژەیەدا بەڵام زۆریشیان دەکرێت کاریان لەسەر بکرێت وەلێ ئەگەر وەدواشکەون بۆ دوای دامەزراندنی دەوڵەت ئەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت.
لە ڕاستیدا ئەو ئەستەنگ و تەحەدایانەی باسیان لێوەدەکرێت هەندێکیان وەهمن و هەندێکیشیان بە هیچ شێوەیەک پێشمەرجی دامەزراندنی دەوڵەت نین. بەشێکی زۆریان پەیوەستن بە پرسی بنیاتنانی نیشتیمان و بنیاتنانی دەوڵەتەوە کە دەکرێت لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی کاریان لەسەر بکرێت.
پێچەوانەی ئاراستەی باو کە کار لەسەر نائامادە بوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی دەکات، نوسینەکەی ئێمە هەڵقولاوی چ بکەینە نەک سەرکۆنەو ڕەخنەی بێ بەدیل و بێ میکانیزم. ئەم هەوڵەی ئێمە تەواو و کامل نیە، بەڵام دەکرێت بکرێتە بنەمایەک بۆ کارکردن. لە بەشی دووەمی ئەم زنجیرە وتارەدا، کە لە حەوت بەش پێکهاتوە، بۆ ڕەواندنەوەی هەندێک لەو وەهمانە و دیاریکردنی قۆناغی پرسەکان هەوڵدەدەین شیکردنەوەیەکی خێرای زۆربەی ئەو ئەستەنگ و تەحدایانە بکەین.

## بەشی دووەم: ئەستەنگ و تەحەداکانی بەردەم پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی

لە بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە وتارەدا باسمان لە تێکەڵ و پێکەڵکردنی چەمکەکانی دروستبوونی نەتەوەو بنیاتنانی دەوڵەت و بنیاتنانی نیشتیمان و دامەزراندنی دەوڵەت کرد. لەم بەشەدا باس لەو پرسانە دەکەین کە وەک ئەستەنگ و تەحەداکانی بەردەم پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی لەلایەن زۆرێک لە سیاسییەکان و چاودێرانی سیاسی و رۆشنبیرانەوە قسەیان لەسەر دەکرێت.

**بوون و نەبوونی مەرجەکانی بەدەوڵەتبوون**

زۆرینەی نوخبەی سیاسیی و ڕۆشنبیریی کوردستان پێیانوایە کە کوردستان مەرجە سەرەکییەکانی بە دەوڵەتبوون، وەک ئەوەی لە میثاقی مۆنتێڤیدیۆ بۆ ماف و ئەرکەکانی دەوڵەت ( Montevideo Convention on the Rights and Duties of the States)ساڵی ١٩٣٣ هاتووە، تێدایە. لەوانە: هەبوونی دانیشتووان، هەرێمێکی جوگرافی دیاریکراو (دوای گێڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانەی کە ئێستا بەشێک نین لە هەرێم)، حکومەت، توانای دروستکرنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا. بەداخەوە، هەندێک لە نوسەران سەرەڕای بوونی مەرجەکان پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی دەبەستنەوە بەو حاڵەت و بارودۆخانەی کە پێشتر وڵاتانی دیکەی لەسەر دامەزرێنراوەو پێیانوایە هاوشێوەی حاڵەتی کوردستان نین. لە خوارەوە حاڵەتەکان دەخەینەڕوو و هاوشێوەیی حاڵەتی کوردستان بەو حاڵەتانە نیشاندەدەین:

1. روخان و هەرەسهێنانی دەوڵەتی دایك، وەک ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت و یوگوسلاڤیا هاتەپێش. ئێمە پێمانوایە کە بارودۆخی عێراق زۆر لەو حاڵەتە نزیکە. یەکێتی سۆڤیەت کە هەڵوەشاوە دەوڵەتی روسیا نە ڕوخابوو، یوگوسلاڤیا کە هەڵوەشاوە چەندین ساڵ دوای ئەویش سیربیا هەر بەناوی یوگسلاڤیاوە حوکمی دەکرد. بۆیە روخان و هەرەسهێنان نابێت بە مانای تەفروتونا بوونی دەوڵەتی دایک ببینرێت. بارودۆخی عێراق ئەگەر نەڵێین هاوشێوەی روسیا و یوگوسلاڤیایە ئەوا زۆر لێینزیکە، واتە لەبارە.
2. وڵاتی دایک رێکەوتبێت لەسەر جیابوونەوەی بەشێك لە خاکەکەی و سەربەخۆیی وڵاتە نوێیەکە، وەکو ئەوەی لە باشوری سودان روویدا. لە ڕاستیدا وڵاتی سودان لە خۆشەویستی باشوری سودان ڕەزامەندی بۆ جیابوونەوە دەرنەبڕی. پرسی قەبوڵکردنی ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنوسی باشوری بەسەر سوداندا سەپێنرا. کوردستانیان دەتوانن ئەو فشارە دروستبکەن بەتایبەتی ئەگەر ڕیفراندۆم بکەن بە بنەمای سەرەکی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کوردستان.
3. زلهێزێک پشتگیری لە سەربەخۆیی نەتەوەیەک بکات، وەکو لە حالەتی کۆسۆڤۆ. هیچ زلهێزێک دەستپێشخەر نابێت لە پێشنیازکردنی سەربەخۆیی نەتەوەیەکی دیکە. کۆسۆڤارەکان بە هەوڵی خۆیان زەمانەتی زلهێزەکانیان مسۆگەرکرد. جولەکەکان بەوە ناسراون کە بریتانیا لە ڕێگەی وەعدی بەلفۆرەوە دەوڵەتی بۆ دروستکردن، کەچی ئەمە تەواوی ڕاستییەکان نیە. بەڵگە مێژوویەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەوە چەیم وایزمان (Chaim Weizmann) ی، جولەکە و زانا و مامۆستا لە زانکۆی مانچستەر بوو کە لە ڕێگەی داهێنانەکانی لە بواری کیمیا و خومپارەو قونبلەوە، کە بوون بە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنی بریتانیا لە شەڕ لەگەڵ ئەڵمانیا، وای لە بەلفۆر کرد کە ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بدات. بە واتایەکی دیکە زلهێزەکان خێر بە کەس ناکەن بەڵام دەکرێت بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کوردستانیان ببەسترێنەوە.
4. سەرکەوتنی سەربازیی شەڕی جودایخوازی، وەکو سەربەخۆیی بەنگلادیش لە پاکستان. ئێمە پێمانوایە کە کوردستان قۆناغی شەڕی جودایخوازی لە ساڵی ١٩٩١ لە ڕێگەی راپەڕینی یەکەم (بەهار) و دووەم (هاوین) بڕی. لەوکاتەوە کوردستان وەک وڵاتێکی سەربەخۆی دانپێنەنراو بەڕێوەدەچێت. کوردستان هەرێمێکی ئازادە، بودجەی لێدەرچێت کە دەبێت کاری لەسەر بکرێت بۆ پشبەخۆبەستن، دەنا کوردستان، تەنانەت لەو پرسانەی کە لە وڵاتانی فیدرالیش لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالین، لە هەموو ڕوویەکەوە لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە بەڕێوەدەچێت، لە ئاسایشی ناوخۆو دەرکییەوە بگرە تا دەگاتە گومرگ و کۆنترۆڵی سنورەکان و باج، تەنانەت پەیوەندییە دەرەکییەکانیش.

هەرێمی کوردستان، سەرەڕای هەموو کورتهێنانەکانی، پەرلەمان و حکومەت و حزب و ئۆپۆزسیۆن و سنوری هەیە. ئەزمونێکی خودبەڕێوەبەری  وای هەیە کە زۆر لەو وڵاتانەی لە سەدەی ڕابردو و ئەم سەدەیە بوون بە دەوڵەت لە کاتی بوون بە دەوڵەتبوونیان ئەزمونیان وەک ئەزمونی ئێستای کوردستان پێشکەوتوو تۆکمەنەبوو، بەو عێراقەشەوە کە ئێستا کوردستان بەشێکە لێی. تەنانەت هەرێمی کوردستان لەزۆرێک لەبوارەکاندا لەوانەش لە بواری لەشکر، ئابووری، دامەزراوەی حکومی، پەروەردە، تەندروستی، ڕێگاوبان، داهاتی تاک و ئیستیسمارکردنی سامانی سروشتی هەنگاوێک لە پێش زۆرێک لەو وڵاتانە دایە کە دەیان ساڵە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆن.

**پرسی دیموکراسی و گەندەڵی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی**

کورتهێنانی دیموکراسی و بەرتەسکردنەوەی ئازادییە سیاسییەکان و فەراهەمنەکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە ئاستەنگ و تەحەداو هەندێکجار پێشمەرج بۆ دامەزراندنی دەوڵەت دانراون. ڕاستە فراوانکردنی فەزای ئازادییەکان، نەهێشتنی گەندەڵی و فەراهەمکردنی دادپەروەریی کۆمەڵاتی ڕێخۆشکەرو کارئاسانیدەکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەت. هاوکات، دەکرێت ببن بە بنەمایەک بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا (state society relation) و هەستی ئینتیمای نیشتیمانیش قوڵدەکەنەوە. بەڵام دەبێت ئەوە چاکبزانین کە هیچ وڵاتێکی دنیا پرۆسەی دیموکراتازەیشنی تێپەڕنەکردوە ئینجا دەوڵەتی دامەزراندبێت، هەر بۆ نمونە با تەماشای هەندێک لە بێشکەکانی دیموکراسی بکەین لە جیهان:

- ئەمریکا لە ساڵی 1776 کە دامەزرا یەک لە پێنجی دانیشتوانەکەی نەک هەر ئازادی لەبەردەمیان بەرتەسک بوو بەڵکو بە فەرمی کۆیلە بوون. ژن هەر هیچ، تەنیا ئەو پیاوانەی کە خاوەن موڵک بوون مافی دەنگدانیان هەبوو. دوای سەد ساڵ لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمریکا ئینجا ڕێگە بە ڕەش پێستەکان درا دەنگ بدەن و ژنانیش دوای ١٤٤ ساڵ لە بە دەوڵەتبوون.
- ئوسترالیا لە ساڵی ١٩٠١ وەک دەوڵەت دامەزرێنرا کەچی تا ساڵی ١٩٦٩ دەوڵەت و کڵێساکان بە ئاشکرا منداڵانی ڕەش پێستە ئوسترالییە ڕەسەنەکانیان لە باوەشی دایک و باوکانیان دەردەهێنان و لێیانزەوت دەکردن و مافی پەروەردەکردنی منداڵیان بە دانیشتوانە ئەسڵییەکەی ڕەوا نەدەبینی. ڕەش پێستەکان لە ساڵی ١٩٦٧ دوای ٦٦ ساڵ لە دامەزراندنی ئوسترالیا ئینجا ڕێگەیانپێدرا دەنگبدەن چونکە تا ئەوکات نەک هەر مافی هاوڵاتیان پێنەدرابوو بەڵکو وەک مرۆڤیش لە سەرژمێرییەکان حسابیان بۆ نەدەکرا.
- سویسرا لە ساڵی 1648وە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناسراوە کەچی دوای ٣٢٣ ساڵ لە دامەزراندنی ئینجا لە ساڵی ١٩٧١ ڕێگەیان بە ژنان دا لە هەڵبژاردنەکان دەنگ بدەن.

دەکرێت دەیان نمونەی دیکە بێنینەوە کە بیسەلمێنن دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێشمەرجی دامەزراندنی هیچ وڵاتێکی دنیا نەبووە و ناشبێت بکرێت بە پێشمەرجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی. لەو ١٩٦ دەوڵەتەی ئێستا لە جیهانی ئێمەدان تەنیا ٢٥ دەوڵەتیان بەپێی ئیندێکسی دیموکراسی، ساڵی ٢٠١١، وەک وڵاتانی دیموکراسی هەژمارکراون کەچی هەر هەموویشیان وەک وڵاتی خاوەن سەروەر دادەنرێن. لە کیشوەری ئەفریقیا ٥٤ دەوڵەت لە سەدەی ڕابردوو دامەزرا نە کاتی دامەزراندنیان و نە ئێستاش هیچ کامیان بەپێی ئیندێکسی دیموکراسی دەوڵەتی دیموکراسی نین.

ئێمە پێمانوایە گەندەڵی و کەمی ئازادی و خراپەکاریی و ستەمکارییەکانی دەسەڵاتی کوردی واچاکە نەک وەک ئەستەنگ و تەحەدا تەماشابکرێن بەڵکو وەک پاڵنەرو هاندەرێک (motive) ببینرێن بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1. نەبوونی دەوڵەت بووەتە هۆیەک بۆ درێژەدان بە گوتاری ناسیونالیستی لەلایەن هەندێک گروپی سیاسی کوردستان و چەواشەکردن و گەمژەکردنی جەماوەر بەوەی کە تەرکیز لەسەر پرسەکانی ڕیفۆرم و چاکسازی و چاکترکردنی باروگوزەرانی خەڵک نەکەن،
2. لە دایکبوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان زادەی دروستبوونی هەرێمە، بە ڕزگاربوونی کوردستان و بە دەوڵەتبوونی، ئۆپۆزسیۆن و پرسی دیموکراتیزەکرن تەکانێکی دیکە بەخۆیەوە دەبینێت چونکە تا ئەوکات لایەنە دژە-دیموکراسییەکان بالورەو پاساوی هەڕەشەی بێگانە و دوژمن دێننەوە بە مەبەستی درێژەدان بە دەسەڵات و تەسککردنەوەی فەزای ئازادی و دیموکراسی و ڕێگرتن لە چاکسازی سیاسیی و ئابوریی و کارگێریی و کۆمەڵایەتی،
3. هەتا پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی دوابکەوێت ستیالی بەڕێوەبردنی حکومەتی ناڕەشید تەمەن درێژتردەبێت. دەوڵەت لەو کەرەستەخاوەی کە هەیە دروستدەکرێت نەک لەوەی کە خەونی پێوەدەبینین،
4. بە دەوڵەتنەبوونی کوردستان درێژەدانە بە مانەوە لە عێراق کە ئاسۆکانی گەشەی دیموکراسی و مەفەکانی مرۆڤ لەوێدا لە کوردستان نەک گەشتر نیە بەڵکو تاریکترە. عێراقی دوای سەدام ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر و خێراتر بەرەو حوکمی تاکڕەوی و ئیسلامیی و مەزهەبیی دەڕوات و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆی مەزهەبیی و نەتەوەیی زۆر بەرزە. واتە مانەوە لە عێراق بەدیلێکی زۆر خراپترە چونکە هەڕەشەیە لەو دەستکەوتە سیاسیی و مەدەنییانەی لە ١٩٩١ ـەوە بەدەستهاتوون.
5. کوردستان بە بەراورد لەگەڵ عێراق ستانداردی ژیانی بەرزترە، ئاسایشی سەقامگیرترە، ڕێژە سەرمایەگوزاری بێگانەی بەرزترە، ڕێژەی نەخوێندەواری نزمترە، ڕێژە مردنی منداڵی کەمترە، ڕێژەی بێکاری لە خوارترە... هتد. کەواتە بۆ دەبێت چارەنووسی کوردستان بە وڵاتێکەوە ببەستینەوە کە لە هەموو بوارەکانی ژیان لەو خراپتربێت.

پرسیاری گەورە لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەت پرسیاری ئەوە نییە چ دەوڵەتێکمان دەوێت ئەمڕۆ بەڵکو پرسیاری هەڵبژاردنە لە نێوان مانەوە لە عێراق و سەربەخۆییە بۆ کوردستان. پرسیاری چ جۆرە دەوڵەتێک پرسیارێکی ئێجگار جەوهەریی و گرنگە بەڵام دەکرێت بخرێتە دوای پرسیاری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. ئەمەش لەبەر ئەم هۆیە سادانە، داخۆ بەمانەوەی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق گەندەڵی چارەدەکرێت؟ ئاخۆ فەزای دیموکرسی بەرفراوانتر دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە نەرێیە. واتە جیابوونەوە بەدیلێکی باشترە.

هەندێک دەڵێن ئەزمونی بیست ساڵەی حکومڕانی کوردستان زۆرێکی لە بنچینەکانی بەدەوڵەتبوون و بە نەتەوەبوون لەبەر یەکتر هەڵوەشاندۆتەوە. سەرەڕای هەموو گلەییەکان بەڵام ئەم ئارگیومێنتە ناڕاست و بێ بنەمایە. با ئێمە پرسیارەکە ئاوا بکەین داخۆ ئێستا هەرێم (بەژێرخان و سەرخانەوە) ئامادەگی بە دەوڵەتبوونی زیاتر تێدایە یان بیست ساڵ پێش ئێستا، مەبەستمان پێش ڕاپەڕین و دامەزراندی حکومەتی هەرێمە. بە دڵنیاییەوە ئێستا. بیست ساڵ پێش ئێستا نەک بنەماکانی بوون بە دەوڵەت لە کوردستان، کە سەرەوە ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد، نەبوو، بەڵکو بوونی کورد وەک نەتەوە هەڕەشەی لەسەر بوو.

**ئەستەنگی دوو ئیدارەیی و دوو هێزی پێشمەرگە**

یەکێکی دیکە لەو ئەستەنگانەی باسدەکرێت پرسی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێرە. ئێمە لێرە هاوڕاین لەگەڵ ئەو نیگەرانیانەی لەمەڕ ئەم پرسە دەردەبڕدرێن. لە ڕاستیدا ئەمە کێشەیەکە کە پێش هەر هەنگاوێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەت دەبێت نەک کاری لەسەر بکرێت بەڵکو بە زووترین کات یەکلاییبکرێتەوە. میکانیزمەکانی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەیی لە گۆڕێدان بەڵام بەداخەوە یەکێتی و پارتی خەمساردیاننواندوە، بۆیە بەتەواوەتی جێبەجێنەکراون. ئێمە پێمانوایە دەبێت:

- هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمان بە هاوکاری پەرلەمانتارانی یەکێتی و پارتی لە ڕێگەی بڕیارێکەوە ماوەیەک دیاریبکەن بۆ نەهێشتنی دیاردەی دوو ئیدارەیی. بڕیارەکە دەبێت مەرجدار بێت و لەکاتی جێبەجێنەکردنی بڕیارەکە لە ماوەی دیاریکراودا دەبێت حکومەت ئۆتۆماتیکیەن متمانەی لێبستێنرێتەوە و هەڵبژاردنێکی تازە لەسەر ئاستی کوردستان رابگەیەنرێت،
- ڕۆشنبیران و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەندامانی خەمخۆری یەکێتی و پارتی و ئۆپۆزسیۆن فشار بخەنە سەر سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم بۆئەوەی هەرچی زووە بڕیارە چاوەڕوانکراوەکەی پەرلەمان جێبەجێبکەن و ئەم دیاردە ناشیرنە بنبڕبکەن،
- فشار بخرێتە سەر یەکێتی و پارتی کە بە هیچ شێوەیەک وەک حزب هیچ جۆرە موچەیەک، دەرماڵەیەک یان یارمەتییەک بەسەر ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان دابەشنەکەن. بڕیاری پێویست دەبێت لە پەرلەمان دەرچێت بۆ ئەوەی حکومەت ڕاستەوخۆ وردبینی و سەرپەرشتی هەموو ئەم جۆرە موچانە بکات.

### کێشەی بوونی دوو هێزی پێشمەرگە

ئێمە پێمانوایە یەکێک لە پێشمەرجەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەیە. بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە ئێمە پێشنیازی ئەمانەی خوارەوە دەکەین:

- تەجنیدی ئیجباری
  - هەموو هاولاتیانی کوردستان لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا یان دوای تەواوکردنی خوێندنی بالا (دبلۆم یان بەکەلۆریۆس) دەبێت بۆ ماوەی ١٨ تا ٢٤ مانگ خزمەتی سەربازی بکەن. یاسای پێویست بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لە پەرلەمان دەربچێت،
  - بەپێی پلانێکی تۆکمە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە ژمارەی پێویستی ئەفسەری دەرەجەدار بۆ خزمەتکردنی ئالا دەبێت دیاریبکرێت،
  - هۆکاری تەندروستی لێدەرچێت، نابێت هیچ هۆکارێکی دیکە ببێتە پاساو یان هۆ بۆ خزمەتنەکردنی ئالا،
- وەزارەتی پێشمەرگە سەرلەنوێ هەیکەلەکەی دابڕژرێتەوە لەلایەن ئەفسەرە دەرەجەدارە پرۆفیشناڵەکان نەک ئەوانەی کە لە ڕێگەی خزمەتی پێشمەرگایەتی پلەیان وەرگرتوە، پێشمەرگە دێرینەکان پێویستە ڕێز و کەرامەتیان بپارێزرێت، بەڵام کاری پرۆفیشنالانە نابێت لەگەڵ پرسی ڕێز و کەرامەت تێکەڵبکرێت،
- ئەو ئەفسەرە پرۆفیشنالانەی کە لە کۆلێژەکانی چوارتە و زاخۆ دەرچوون دەبێت ڕۆڵی سەرەکیان پێبدرێت لە سەرکردایەتیکردنی یەکە سەربازییەکان،
- پەرلەمانی کوردستان بڕیارێک دەربکات کە کاری حزبی بە هەموو شێوەکانییەوە لەناو ئەندامان و دامودەزگاکانی پێشمەرگە قەدەغە بکات.

گرنگی پرسی تەجنیدی ئیجباری لەم خالانەی خوارەوەدا دەبینینەوە:

- کوردستان هەمیشە هێزێکی مرۆیی ڕاهێنراوی لە ئامادەباشیدا دەبێت بۆ بەرگریکردن لە کوردستان،
- ئەم هێزە مرۆییە دەکرێت لەپاڵ ڕاهێنانی سەربازی پەروەردەبکرێن بە ڕۆحێکی مرۆڤدۆستانەی نیشتیمانیی بان حزب، نەتەوە، ئایین، مەزهەب، ناوچە، خێڵ، بنەماڵە،
- کۆکردنەوەی گەنجانی کوردستان لە یەکە سەربازییەکاندا دەبێتە هۆکارێک بۆ ئاوێتەبوونی ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردستان لە بۆتەی نیشتیماندا. لەو بۆتەیەدا داراو نەدار، کرێکار و سەرمایەدار، موسڵمان و مەسیحی، کورد و تورکمان، سلێمانی و هەولێری، کاکەیی و ئێزیدی، بارزانی و هەمەوەندی، سیان و خۆشناو، دۆسکی و جاف... هتد دەبن بە کوردستانیی،

- سالانی خزمەتکردنی ئالا دەکرێت کەلکی لێوەربگیردرێت بۆ ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ئەو کەسانەی کە هیچ پیشەیەک نازانن (unskilled). ئەوانەی کە خوێندنیان تەواوکردوە بەلام هیچ ئەزمونی کاریان نیە دەکرێت لە یەکە سەربازییەکان کاری تایبەت بە بوارەکەی خۆیان پێبسپێردرێت. بەمشێوەیە دوای تەواوکردنی خزمەت ئامادەگی باشتریان دەبێت بۆ پەیداکردنی کار و پڕکردەنەوەی بازاڕی کار،
- تێکەڵبەیەکدیبوون لە یەکە سەربازییەکان گەنجان لە قاوغی شوناسە لۆکاڵەکان دەردەهێنێت و ئەگەری تێپەڕاندنی شوناسە لۆکاڵەکان زیاد دەکات، لەوانەشە ببێتە مایەی بەهێزبوونی وابەستەگی بە خاک و نیشتیمان.

ڕەواندنەوەی ئەو وەهمانەی لەم بەشەدا باسمانکرد لەگەڵ چارەسەرکردنی هەندێک لەو ئەستەنگانەی کە میکانیزمی چارەسەرکردنیمان پێشنیازکرد چەند هەنگاوێک لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان نزیکماندەکاتەوە. بەلام پرسیاری گرنگ لێرە ئەوەیە داخۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان چۆن ڕادەگەینرێت. لە بەشی سێیەمی ئەم زنجیرە وتارەدا باس لە پرسی دامەزراندنی دەوڵەت لەنێوان بەشەخسیکردن و بەجەماوەریکردندا دەکەین لەگەڵ پرۆسە و میکانیزمەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەت.

## بەشی سێیەم: دامەزراندنی دەوڵەت لەنێوان بەشەخسیکردن و بەجەماوەریکردندا

لە بەشی دووەمی ئەم زنجیرە وتارەدا باسمان لە وەهمەکان و ئەستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی کرد و هەندێک ڕێگەچارە و میکانیزمیشمان بۆ زاڵبوون بەسەریاندا پێشنیازکرد. لەم بەشەدا باس لە پرسێکی دیکەی گرنگ لەمەڕ پرسی دامەزراندنی دەوڵەت دەکەین ئەویش پرسی پرۆسە و میاکنیزمەکانی دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتە.
شێوازی دامەزراندنی هەر دەوڵەتێك یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکییانەیە، کە تا ڕادەیەک، چارەنووسی ئەو دەوڵەتە دیاریدەکات. ئەم فاکتەرە بەتایبەتی لە حاڵەتی کوردستاندا زۆر باڵکێشە، چونکە هەنگاوێکی لەم جۆرە ڕووبەڕووی چەندان تەحەدا و ئاستەنگی ناوخۆیی و دەرەکی دەکات.
پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە دەوڵەتی کوردستانی خەونی زۆرینەی گەلی کوردستانە، نەک بەتەنیا پرۆژەی حزبێک یان سەرکردەی لایەنێک بێت. دەوڵەتی کوردستانی پەیوەستە بە چارەنووس و خواستی خەڵکی کوردستان. ئەوەش بەشداریکردن و بەشدارپێکردنی زۆرینەی جەماوەری کوردستان دەخوازێت.
یەکێک لە بنەماکانی سەرکەوتن و خۆڕاگری هەر دەوڵەتێک پەیوەستە بەوەی کە ئەو دەوڵەتە تا چ ڕادەیەک لە پشتیوانی و بەشداری و ڕەزامەندی زۆرینەی خەڵکەکەی بەهرەمەندە. شێوازی ڕاگەیاندنی مژدەبەخشانە، وەک ئەوەی ماوەیەکە لە کوردستان جارجار باسیلێوەدەکرێت، پێچەوانەی بەجەماوەریکردنی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتە. ڕۆڵی جەماوەر لە ڕاگەیاندنی مژدەبەخشانەی دەوڵەتدا نەک هەر غائیبە، بەڵکو لە کارێکی وادا جەماوەر بێئاگایە لە پرۆژەکە و مژدەی پێدەدرێت. ئەمەش وا پێدەچێت هەوڵێک بێت بۆ پاسیڤکردن و پەراوێزخستنی جەماوەر. بەمجۆرەش ڕێگرتن لەوەی جەماوەر کارەکتەری سەرەکی بێت و وەک بڕیاردەری چارەنوسی خۆی دەرنەکەوێت.

**بۆ ڕێفراندۆم؟**

بەجەماوەریکردن و هەمەلایەنکردنی بڕیاردان لە چارەی خۆنوسین یەکێکە لە پێشمەرجەکانی سەرکەوتنی دەوڵەتی کوردستان. دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی ناکرێت سەرکردەیەک، پێگەکەی هەرچییەک بێت، وەک مژدە ڕایبگەیەنێت. ئێمە پێمانوایە دەبێت خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی

ریفراندۆمێکی سەرتاسەریەوە بڕیاری خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بە جیهان ڕابگەیەنێت. لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1. لە ریفراندۆمدا خودی گەلی کوردستان کارەکتەری سەرەکی دەبن لە پرۆسەی دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان.
2. لە ڕیفراندۆمدا هەموو خەڵکی کوردستان مافی بەشداریکردن و دەنگدانیان هەیەو هەموو لایەنە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئەتنیکی و ئاینییەکان وەک یەک دەتوانن بەشداری تێدابکەن، بۆیە پرۆسەیەکی ئاوا هەر خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە مسۆگەرکردنی کۆدەنگی سەرجەم هێزو لایەنەکانی کوردستان.
3. ڕیفراندۆم دەکرێت بکرێتە بنەمایەک بۆ یەکخستەوەی هەرچی زیاتری ماڵی کوردستانیی بەجۆرێك کە هەموو لایەک بە گشتی و بێ دوودڵی پشتیوانی لە پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی بکەن.
4. ڕیفراندۆم چاکترین وەسیلەیە بۆ زامنکردنی پشتیوانی نێودەوڵەتی و ڕای گشتی جیهانی چونکە وەک بەشێک لە پراکتیزەکردنی دیموکراسی دەبینرێ و دادەنرێت. پێچەوانەکەی، ڕاگەیاندنی دەوڵەت بە مژدە، نەک هەر پشتیوانی نێودەوڵەتی لێناکەوێتەوە بەڵکو وەک پراکتیزەکردنی دیکتاتۆرییەت و بڕیارێکی تاکلایەنانە وێنادەکرێت، لە ڕاستیشدا هەر وایە.
5. ئەزمونی کوردستان لە بەڕێوەچوونی ئەو ڕیفراندۆمە نافەرمییەی کە هاوشانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێوەچوو، کە تێیدا ٩٨% خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوە دەنگیاندا، ئەوەمان پێدەڵێت کە سەرکەوتنی پرۆسەکە لە گەڕانەوەیە بۆ ڕیفراندۆم. پێچەوانەکەشی، ئەو ڕەخنەو ناڕەزایی و پەرتەوازەییەی لێدەکەوێتەوە کە لە دوای قسەکانی سەرۆکی هەرێم بەڕێز مەسعود بارزانییەوە بە کۆمەڵگەی کوردستانییەوە دیارن.
6. ڕیفراندۆم داخوازی کوردستانیان لە داخوازییەکی تاکە کەسی، حزبی، ئایدیۆلۆجی دەگوازێتەوە بۆ داخوازییەکی جەماوەری و شەرعیەتی ناوخۆیی و پێدەدات و بواری شەرعییەت بەدەسهێنانی نێودەوڵەتیش زیاتر دەکات.
7. ڕیفراندۆم هەر کۆڵەکەی سەرەکی دابینکردنی سەرکەوتنی پرۆسەکە نیە، بەڵکو زامنکەری پێداویستییەکانی بەرگریکردن لە دەوڵەتەکەشە چونکە بەشداریکردن و بەشدارپێکردنی جەماوەری کوردستان بە هەموو گروپە سیاسی و نەتەوەیی و ئاینییەکان و کەلتورییەکان و ڕۆشبیرانی کوردستان، زامنی ئەو هێزە دەکات کە لە ئەگەرەکانی هەر هێرشێکی دەرەکی بیپارێزێت.
8. ئەزموونی وڵاتە تازە دامەزراوەکان، وەک تەیموری ڕۆژهەڵات و کۆسۆڤۆ و باشوری سودان ئەو ڕاستییە پشتڕاستدەکەنەوە کە ئەم سەردەمە سەردەمی ڕیفراندۆم و گەڕانەوەیە بۆ خەڵک لەجیاتی بەکارهێنانی هێز. ئەوەشمان پێدەڵێت کە باشترین شێوازیشە بۆ دڵنیابوون لە پشتیوانی نێودەوڵەتی و دانپێنان.
9. ڕیفراندۆم باشترین هەل دەڕەخسێنێت بۆ تێکەڵکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە چاودێرکردن و تەنانەت بەڕێوەبردنیشی ئەگەر گونجاو بێت. ئەمەش زەمانەتی پشتیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە بۆ پرۆسەیەکی ئاوا چارەنوسساز زۆر گرنگە.

وەک گوتمان ڕیفراندۆم کلیلی بەجەماوەریکردنی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانییە، بەڵام بۆ بەجەماوەریکردنی پرۆسەکە و بەشداریکرن و بەشدارپێکردنی کۆمەڵگای کوردستانی دەبێت لانیکەم لە دوو ئاستدا لە پرسەکە نزیکببینەوە. یەکەم، ئاستی هێز و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکانە، دووەم ئاستی جەماوەر. هەوڵدەدەین لە خوارەوە پرۆسەو میکانیزمەکان لەسەر هەردوو ئاستدا دیاریبکەین.

**ئاستی یەکەم (لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان): دامەزراندنی ئەنجومەنێکی کاتیی**

بۆ ئەم مەبەستە ئێمە پێشنیازی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی کاتیی دەکەین کە بڕیاردەرو جێبەجێکەری پرۆسە و میکانیزمەکان و ئەرکەکانی دامەزراندنی دەوڵەتەکەی بکەوێتە ئەستۆ. بۆئەوەی بەشداریکردنی هێز و لایەنە سیاسی و ئاراستە فکری و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان بەشێوەیەکی کاریگەر و هاوبەشانە زامنبکرێت، ئێمە پێمانباشە دابەشبوون و قورسایی هێزەکان لە پەرلەمانی کوردستان بکرێتە پێوەر و قەبارەی نوێنەرایەتی هێز و لایەنەکان لە ئەنجومەنە کاتییەکەدا.

ئەنجومەنەکە بەدیلی پەرلەمان نابێت و سروشتێکی کاتی دەبێت و کۆمەڵێک ئامانج و ئەرکی پێدەسپێردرێت، لەگەڵ بەدیهێنانی ئەرک و ئامانجەکاندا ئەنجوومەنەکە هەڵدەوەشێتەوە. لە سەرەتا ئێمە پێشنیازدەکەین کە ئەنجومەنە کاتییەکە بەمشێوەیەی خوارەوە دابمەزرێت:

1. قەبارەی، واتە ژمارەی ئەندامانی، بەشدار لە ئەنجومەنەکە بۆ هەر حزب و لایەن و گروپێک بە ڕێژەی نیوەی کورسییەکانی ئەو لایەنە لە پەرلەمانی کوردستان دەبێت.
2. پەرلەمانی کوردستان لە ١٠٠ کورسی بۆ پارتە سیاسییەکانی کوردستان و ١١ کورسی کۆتای کەمینەکان پێکدێت. بۆیە دەکرێت ئەنجومەنەکە ڕەنگدانەوەی ئەو دابەشکردنە بێت و هەر حزبێک لە ئەنجومەنەکەدا بە نیوەی ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەماندا نوێنەری لە ئەنجومەنەکە هەبێت.
3. گروپە نەتەوەیی و ئاینییەکانیش بەپێی کۆتاکەیان، مەگەر لایەنە سیاسییەکە یان گروپەکە یەک کورسی هەبێت ئەوکات بە نوێنەرێک لە ئەنجومەنەکە بەشداریدەکات.
4. هەر لایەنێک بە بلۆکێک لە ئەنجومەنەکە بەشداریدەکات کە پێکهاتەی بلۆکەکەی دابەشدەکرێت بۆ سەر چوار بەش، بریتین لە:
   a. نوێنەرانی پەرلەمانیی لایەنەکە،
   b. نوێنەرانی مەکتەبی سیاسیی لایەنەکە،
   c. نوێنەرانی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری دانراو لەلایەن لایەنەکە،
   d. نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دانراو لەلایەن لایەنەکە.

بۆنمونە ئەگەر حزبێک بیست کورسی لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت ئەوا دەبێت دە ئەندامی لە ئەنجومەنەکە هەبێت، بەمشێوەیە: سێ پەرلەمانتار و سێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە لانیکەم یەکێکیان سکرتێر/سەرۆک یان جێگرەکەی وەیان هەردوکیان بێت. چوار ئەندامەکەی دیکەش دەبێت دووانیان ئەکادیمی یان یاسایی یان ڕۆشنبیر بن کە بڕوانامەی بەرزیان هەبێت و دووەکەی دیکەش نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بن کە لایەنە سیاسییەکە دیاریاندەکات، بەمەرجێک نوێنەرایەتی ژنان/ئافرەتان مسۆگەر بکرێت.

بۆ دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان، واچاکە لە نوێنەرایەتیکردنی ئەو دوو حزبەدا بەشداریکردنی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و جێگرەکانییان هەروەها وەزیرەکانی پلاندانان، پێشمەرگە، ناوخۆ و دارایی بکرێتە مەرج.

5. بەشدارییپێکردنی خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان زۆر بە گرنگ دەزانین، چونکە ناوچانە دابڕاوەکان بەشێکی زۆر لە خاک و دانیشتوانی کوردستان پێکدێنن. چارەنوسیان هاوبەشە لەگەڵ کوردستانیانی هەرێم و ناکرێت لێکجیابکرێنەوە. بۆیە بەشدارییپێکردنیان گرنگە و سەنگی خۆی دەبێت، بەتایبەتی لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان. ئێمە پێمانباشە:
   a. هەر قەزایەک (بێجگە لە قەزای ناوەندی کەرکوک کە واچاکە ٥ نوێنەری هەبێت) بە ٣ نوێنەر بەشداری ئەنجومەنە کاتییەکە بکات، واتە،
   b. هەر یەک لە قەزاکانی شەنگال، شێخان، مەخمور، داقوق، دوبز، دوزخورماتو و خانەقین دەبێت ٣ نوێنەریان هەبێت.
   c. دەشتی موسڵ دەکرێت بە دوو قەزا هەژمار بکرێت و ٦ ئەندامی هەبێت.

بەمشێوەیە ئەنجومەنە کاتییەکە ٨٨ بۆ ٩٢ ئەندامی دەبێت، کە تێیدا ٥٦ بۆ ٦٠ ئەندام نوێنەرایەتی هەرێم و ٣٢ ئەندامیش نوێنەرایەتی ناوچە دابڕاوەکان دەکەن. واچاکە لە نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەی هەرێم پێکهاتە سیاسی و ئاینیی و نەتەوەییەکانی ناوچەکان ڕەچاوبکرێت. نوێنەرایەتی قایمقام و سەرۆکی ئەنجومەنی قەزاکە بە چاکدەزانین.

**ئامانج و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنە کاتییەکە**

1. هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئیرادەی خەڵک و سازکردنیان و هاندانیان بۆ پشتیوانیکردن لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی.
2. دانانی بەرنامە و میکانیزمی جۆراوجۆر بۆ دروستکردنی کۆدەنگی خەڵکی کوردستان لە پەیوەند بە پرسەکە لەسەر هەموو ئاستەکان. دەبێت هەوڵبدات کۆدەنگی لایەنە سیاسی و ئاینیی و ئەتنیکی و کۆمەڵایەتی و مەدەنیی مسۆگەربکات.
3. کۆکردنەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی لە هەموو جیهاندا. بۆ ئەم مەبەستە واچاکە:
   a. لیژنەیەکی کارامە و پرۆفیشناڵ و زمانزان پێکبهێنرێت بۆ ئەنجامدان و بەدواداچوون،
   b. پێکهێنانی لیژنەی فەرعی لە هەموو وڵاتە گەورە و بڕیار بەدەستەکانی جیهان کە دەکرێت هەم نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم هەم ڕەوەندی کوردیی لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەم ئەرکە کەڵکیان لێوەربگیردرێت و هەڵبسوڕێندرێن،
   c. بەسەرکردنەوەی دۆستە کۆن و تازەکانی کورد و کۆکردنەوەیان لە گروپی لۆبی لە وڵاتەکاندا،
   d. پێکهێنانی گروپێک لە ڕۆژنامەنوسان لە ناوەو دەرەوەی وڵات بۆ خستەڕووی پرسی بەدەوڵەتبوونی کوردستان لە دیدی کوردستانیانەوە. گرنگی دەبێت بە چەند لایەنێک بدرێت. لەوانە:
      i. ڕەوایی و شەرعیەتی مافی سەربەخۆیی بۆ کوردستانیان.
      ii. ئیقناعکردنی سیاسەتمەدارن و ڕای گشتی جیهانی کە دەمەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەک خەتەر نیە لەسەر ئاشتی جیهانی بەڵکو بەشێکە لە سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ناوچەکەو جیهاندا.
      iii. جەختکردنەوە لەسەر ڕیفراندۆم و تێکەڵکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.
      iv. دڵنیاکردنەوەی ڕای گشتی لەوەی کە پرۆسەکە شەفافانەو دیموکراسیانە بەڕێوەدەچێت.
      v. جەختکردنەوەو سەلماندنی ئەوەی کە کوردستانێکی ئازاد بەتەواوی مافی تورکمانەکان، مەسیحییەکان، ئێزیدییەکان، کاکەییەکان، شەبەکەکان و هەموو گروپە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان دەپارێزێت.
      vi. دڵنیاکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پاراستن و زامنکردنی مافی ژنان لە کوردستانی ئازادا.
      vii. دڵنیاکردنەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنییەکان و ئازادی رادەربڕین و ڕۆژنامەگەری.
      viii. دەرکردنی هەرچی زووتری کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی (v ، vi ، vii)، چونکە ناکرێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە قسەی گەورەو شیعارات رازیبکەیت. ئەوان شتی بەرجەستە وەک یاسا و میکانیزمیان دەوێت.
4. ئەنجومەنە کاتییەکە بە هاوئاهەنگی و بە سوودوەرگرتن لە دامەزراوەی دەزگای باڵای هەڵبژاردن لە کوردستان و هاوکاری وەزارەتە پەیوندارەکانەوە دەست بە پرۆسەی سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکان دەکات.
5. ئەنجومەنەکە رۆژێک بۆ سازدانی ریفراندۆم دیاریدەکات و ئامادەکارییەکانی مسۆگەردەکات.

6. ئەنجومەنەکە ئەنجامدانی دوو ریفراندۆم دەگرێتە ئەستۆ:
a. ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنوسی ناوچە دابڕاوەکان (لە بەشی داهاتووی ئەم زنجیرە وتارە بەدرێژی باسیدەکەین).
b. ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنوسی کوردستانی عێراق (باشور).
c. بۆ ئەو مەبەستانەش فۆرمی تایبەت بە ریفراندۆم بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی، ئەگەر پێویست بکات بە ئینگلیزیش، ئامادەدەکات.
7. ئەنجومەنەکە کۆمیتەیەک لە وەزیرەکانی پێشمەرگە و دارایی و پلاندانان و ناوخۆ پێکدێنێت بۆ:
a. دابینکردنی بودجەی پێویست بەشێوەیەکی شەفافانە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە.
b. دابینکردنی میکانیزم و فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی ئەنجامدانی هەردوو ریفراندۆمەکە.
c. دابینکردنی ئاسایشی پرۆسەکە و خۆئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرێک، لەوانە: ئەگەری تەدەخولی سەربازی حکومەتی عێراقی. بۆ ئەو مەبەستە تەواوی هێزە چەکدارەکانی کوردستان و هێزی بەرگری میللی دەبێت لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بن. دەبێت هەموو هێزەکان لەژێر یەک فەرماندەییدا رێکبخرێن و تەیار بکرێن.

ئێمە جەختلەوەدەکەینەوە کە پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان دەبێت پرس و چارەنوسی ناوچە دابڕاوەکان یەکلاییبکرێنەوە. دیارە پرسی ئەم ناوچانە پرسێکی چارەنوسسازە بۆ گەلی کوردستان. بۆیە بەشێکمان لەم زنجیرە وتارە بۆ تەرخانکردوە. لە بەشی داهاتوودا ڕێگەچارەو میکانیزمەکانی یەکلایکردنەوەی ئەم پرسە تاوتوێدەکەین و پێشنیازی پێویست دەخەینەڕوو.

## بەشی چوارەم: دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی و پرسی ناوچە دابڕاوەکان

لە بەشەکانی ڕابردودا باسمان لە چەمک و قۆناغەکانی دامەزراندنی دەوڵەت و ئەستەنگ و تەحەداکانی بەردەم پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی کرد. باسی گرنگی بەجەماوەریکردنی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتیشمانکرد. بێجگە لە دیاریکردنی قۆناغەکان و شیکردنەوەی پرسەکان، میکانیزمی پێویستیشمان پێشنیازکرد. بەڵام لەبەرئەوەی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی لەگەڵ پرسی ناوچە دابڕاوەکان ناکرێت لێکجیابکرێنەوە، بۆیە ئەم بەشە تەرخاندەکەین بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە گرنگە.
کوردستانیان ئەگەر لەسەر هیچ شتێک کۆک نەبن لەسەر ئەوە کۆکن کە بەبێ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان کارێکی پێشوەختەیە. لە ڕاستیدا ئێمە پێمانوایە ئەگەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی یەک پێشمەرجی هەبێت، ئەوا گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان ئەو پێشمەرجەیە، چونکە چارەنوسی ئەو ناوچانە هۆی هەرە سەرەکی بە چارەسەرنەکراوی مانەوەی پرسی کورد و کوردستانە لە عێراق لە ڕۆژی دروستبوونی عێراق و لکاندنی فەرمیانەی کوردستان بە عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢٥.
هەمووشیان چاک دەزانین یان لانیکەم لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا بۆمان دەرکەوتووە کە نە ئەو حکومەتەی ئێستا و نە هیچ حکومەتێکی عەرەبی-عێراقی، لە داهاتویەکی نزیکدا، ئامادەیە ماددەی ١٤٠ ی دەستوری عێراقی جێبەجێبکات بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی ناوچە دابڕاوەکان.
نەتەوە یەکگرتووەکانیش نەک تەرەفێک نیە لە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەڵکو بەشێکە لە کێشەکان، بەوەی کە بەردەوام لە دیزە بە دەرخۆنەکردنی پرسی جێبەجێکردنی ماددەی

١٤٠ دایە. لە ڕاستیدا مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چارەسەرکردنی کێشە ناودەوڵەتییەکان (intrastate) و نێودەوڵەتییەکان (interstate) مێژوویەکی زۆر گەش نیە. بە چارەسەرنەکراوەیی ماوەی کێشەی کشمیر و فەلەستین کە لە ١٩٤٧ و ١٩٤٨، لەدوایەک، چاوەڕوانی هیمەتی نەتەوە یەکگرتوەکانن مشتێکە لە خەوارێک.

وەک گوتمان، گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوکان یەکێکە لە پێشمەرجەکانی دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانیی. ڕاگەیاندنی دەوڵەت بەبێ گێڕانەوەی ئەم ناوچانە و هەڵپەساردنی بۆ دوای ڕاگەیاندن پرسەکە زۆر ئاڵۆزتر دەکات. کەواتە چارەسەر چییە؟ ئێمە هەروەک لە بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە وتارەدا ڕونمانکردوە ئەم پرۆژەیە زیاتر چارەسەرئامێزە لەوەی ڕەخنەئامێز بێت. لەبەرئەوە لێرە باس لە هۆکانی جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ ناکەین بەڵکو بەدوای چارەسەر دەگەڕێین. بۆیە ئێمە دوو پرۆپۆزال دەخەینەڕوو، کە پێمانوایە کوردستانیان دەبێت یەکێکیان یان تێکەڵەیەک لە هەردووکیان هەڵبژێرن.

### پرۆپۆزالی یەکەم: گێڕانەوەی یەکلایەنانە

لای زۆربەمان ڕوونە کە بەشێکی فراوانی ناوچە دابڕاوەکان ڕاستەوخۆ هەم لە ڕووی کارگێریی هەم لە ڕووی ئەمنی لەلایەن کوردستانیانەوە بەڕێوەدەبرێن، لەوانە:

- شاری کەرکوک و بەشێکی زۆر لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای کەرکوک وەک: شوان، ئاغجەلەر، لەیلان، دوبز، ئاڵتون کۆپری، سەرگەران، قەرەحەسەن، لەیلان، تازە و داقوق.
- شاری دوزخورماتو و بەشێک لە سنوری قەزای دوزخورماتو.
- شاری خانەقین و بەشێک لە سنوری قەزای خانەقین.
- ناوچەی شەمامک بە ناحیەی گوێرەوە، ناوچەی کەندێناوە بە ناحیەی دیبەگەوە، ناوچەی قەراج بە قەزای مەخمورەوە.
- قەزای شێخان و ناحیەی زمار و بەشێکی زۆر لە سنوری قەزاکانی حەمدانیەو تەلکیف و شەنگال.

ئێمە پێشنیازدەکەین:

1. پەرلەمانی کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا بڕیارێک دەربکات و هەموو ئەو ناوچانەی سەرەوە وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان بناسێت و حکومەتی هەرێم بڕیارەکە جێبەجێبکات،
2. بۆئەوەی بڕیارەکەی پەرلەمان و کردارەکەی حکومەت وەک پێشێلکارییەکی دەستوری عێراق نەخوێندرێتەوەو لە قەڵەمنەدرێت ئەوا دەبێت لە بڕیارەکەی پەرلەماندا بڕگەیەک هەبێت کە پێشنیازی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ئەو ناوچانە بکات ئەگەر حکومەتی ناوەندی یان یەکێک لە پارێزگا پەیوەندارەکان گومانیان لە کوردستانییەتی ئەو ناوچانە هەیە،
3. دوای گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی سەرەوە، تاوەکو کوردستانیان وەک پێشێلکەری دەستور و دژەدیموکرات نەیەنە بەرچاو، ئەوا دەبێت حکومەتی هەرێم پێشوازی لە هەر دەستپێشخەرییەک بکات کە لەلایەن هەر لایەنێکی پەیوەندارەوە دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠،
4. دەربڕینی ئامادەگی بۆ قەبوڵکردنی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دوای گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان هەڵوێستێک دەبێت کە بە کارێکی لەم شێوە کوردستانیان تۆپەکە دەخەنە گۆڕەپانی حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠،
5. ئەو ناوچانەی دیکەی کوردستان کە لەژێر کۆنترۆڵی کوردستانیان نین و وەک بەشێک لە ناوچە دابڕاوەکان دادەنرێن دەکرێت لە ئێستادا چارەنوسیان بەجێبهێڵدرێت بۆ کاتێکی گونجاوتر کە ئەگەری گێڕانەوەیان لەبارتر بێت. لەمەڕ ئەم ناوچانەی کە ئەمڕۆکە لەژێر کۆنترۆڵی کوردستانیان نین و گێڕانەوەیان سەختە دەبێت ئەم چەند ڕوونکردنەوەیە بدەین:

a. ناکرێت چارەنوسی هەرێم و ئەو ناوچە دابڕاوانەی کە ئێستا ئەگەری گێڕانەوەیان هەیە تا کاتێکی نادیار ببەستینەوە بەو ناوچانەی کە ئەگەری گێڕانەوەیان لانیکەم ئێستا زۆر سەختە،

b. کوردستانیان واچاکە ئەو ڕاستییە تاڵە قەبوڵبکەن کە گێڕانەوەی هەندێک ناوچەی کوردستان بە حوکمی ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافیانەی کە لە ماوەی نەوەت ساڵی ڕابردودا بەسەر ئەم ناوچانەدا هاتوون، وەک حەویجە و مەندەلی و سەعدییە و تەلەعفەر و بەدرەوجەسان، ئەوا زۆر سەختە ئەگەر نەڵێین مەحاڵە لە ئێستادا بگێردرێنەوە سەر هەرێم،

c. گێڕانەوەی ئەم ناوچانە لەم قۆناغەدا کە ئەگەری سەرکەوتنی هەیە چاکترە لەوەی گرەوەی ئەوەیان پێبکرێت تا هەموو ناوچەکان بەسەریەکەوە دەگێڕدرێنەوە سەر هەرێم چونکە ئەگەری لە دەستچوونی ئەم ناوچانەش هەن کە ئێستا کوردستانیان لە دەرەوەی هەرێم تێیاندا باڵادەستن.

ئەم پرۆپۆزالە واقعی سیاسی و هاوکێشەکانی هێزی ئەمڕۆی گۆڕەپانی عێراق زیاتر لەبەرچاوگرتووە لەوەی پشتببەستێت بە فاکتی مێژوویی و جوگرافی. دەنا ئێمەش دەزانین بەشێک لەو ناوچانەی کە ئێستا گێڕانەوەیان بۆ سەر هەرێم سەختە بەشێکن لە خاکی کوردستان و خەڵکەکەشی کورد و کوردستانین.

**پرۆپۆزالی دووەم: ریفراندۆمی یەکلایەنە**

وەک گێڕانەوەی یەکلایەنانە، ئامانجی ریفراندۆمی یەکلایەنانەش دیاریکردنی چارەنوسی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانە لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕاپرسییەک بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا. ئەم ڕێگاچارەیە دەکرێت بکرێت بە بەدیلی مادەی ١٤٠ و وەک بەدەستپێشخەرییەکی پەرلەمانی کوردستان لە هەمبەر نائامادەیی عەرەبە-عێراقییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو برگە دەستورییە. هەر دەسپێشخەرییەک لەم شێوەیە ڕووبەڕووی تانە و ڕەخنە دەبێتەوە لەلایەن نەیارانی کوردستان. بۆ وەڵامدانەوەی هەر ڕەخنەیەک ئێمە لە خوارەوە چەند خاڵێک ڕوونده‌کەینەوەو بنەما دەستوریی و مۆراڵییەکانی ریفراندۆمی یەکلانەنانە دەخەینە بەردەست. ڕاپرسیی یەکلایەنانە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بنەمای دەستوریی و مۆراڵی هەیە:

1. لە دەستوری عێراقیدا دەنگی دانیشتوانی ئەو ناوچانە کراوەتە بنەما بۆ دیاریکردنی چارەنوسی ناوچەکانیان. ریفراندۆمی یەکلایەنەش، بەهەمانشێوە، دەنگی دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەکاتە بنەما بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی ناوچەکانیان.
2. بەشداریکردنی کورد لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی "عێراقی نوێ" لەسەر کۆمەڵێک بنەما بوو، یەکێک لەو بنەمایانە چارەسەری دەستورییانەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بوو. لەسەر ئەو بنەمایەش دەوڵەتی نوێی عێراق ڕەزامەندی گەلی کوردستانی لە ریفراندۆمێکی سەرتاسەریدا بۆ دەستورەکەی مسۆگەرکرد. بۆیە لەرووی مۆراڵییەوە مافی گەلی کوردستانە کە ئەگەر عەرەبە-عێراقییەکان ئامادە نەبن ئەو مادەیە جێبەجێ بکەن، ئەوا گەلی کوردستان مافی خۆیەتی ئەو برگەیەی دەستوری عێراقی کە پەیوەستە بە چارەنوسی ئەو ناوچانە لە ریفراندۆمێکی یەکلایەنانەوە جێبەجێبکات. هاوکات، بێ ئەوەی هەڵوێستی ئەرێنی یان نەرێنی دەسەڵاتدارانی بەغدا لەبەرچاوبگرێت پرۆسەکە دەستوریانە و یاساییانە و مۆراڵانە لەقەڵەم بدات و مامەڵە لەگەڵ ئەنجامەکانیدا بکات.
3. کوردستانیان دەتوانن ئارگیومێنتی ئەوە بەکاربێنن کە ئەوە گەلی کوردستان نییە کە دەستور پێشێلدەکات بەڵکو ئەوە لایەنە عێراقییەکان و دەسەڵاتدارانی بەغدان کە هەندێجار شەرمنانەو هەندێجار ڕاشکاوانە پاشگەزبوونەوەی خۆیان لەم مادە دەستوورییە دەردەبڕن. لەو ڕوانگەیەشەوە هەر ئەوانن کە دەستور و یاساکانی عێراق پێشێلدەکەن و بەڵێنە یەک لە دووای یەکەکانیان بۆ خەڵکی کوردستان، کە لەسەربەندی هەڵبژاردنەکان و تەشکیلکردنی حکومەت دەیدەن، پشتگوێدەخەن.

4. بەهەمان پێودانگی سەرەوە، مافێکی ڕەوای خەڵکی ناوچە دابڕاوەکانە کە بڕیار لەسەر چارەنوسی ناوچەکانییان بدەن. بۆیە بەڕێوەبردنی ریفراندۆم لەو ناوچانە، جا هەر لایەنێک بیکات، دەبێت وەک جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی دەستوری عێراقی تەماشابکرێت.

**ڕیفراندۆمی یەکلایەنە و سیاسەتی ئەمری واقیع**

ریفراندۆمی یەکلایەنە، کوردستانیبوونی بەشێکی زۆری ناوچە دابڕاوەکان دەکاتە ئەمری واقیع و بەهرەمەندی دەکات لە جەوهەر و زەمینەی یاسایی لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1. لە دەرەوەی بەکارهێنانی هێز چارەنوسی ئەو ناوچانە دیاریدەکرێت. ئەم چارەسەرە خەسڵەتێکی ئارەزوومەندانەی هەیە نەک سەپێنراو.
2. ئەگەرێکی زۆر هەیە کە بەشێک لە ناوچە دابڕاوەکان نەگەڕێنەوە سەر کوردستان، لەوانە: حەویجە، جەلەولا، سەعدییە، مەندەلی... هتد. ئەمەش پرۆسەکە لە تۆمەتی سەپاندن و یەک ئاراستەیی دووردەخاتەوە.
3. هاوشێوەی مادەی ١٤٠، ئەم ریفراندۆمە وەک پرەنسیپ دەنگی خەڵکی ئەو دەڤەرە دەکاتە بنەمای شەرعییەتی گەڕانەوەی ئەو ناوچانە.
4. حکومەتی هەرێم و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانی ئەو ناوچانە ڕۆڵی سەرپەشتیار و جێبەجێکاری پرۆسەکە دەگرنە ئەستۆ، کە دوو لایەنی پەیوەنداری سەرەکین.

**ئامادەکاری بۆ ریفراندۆمی یەکلایەنە**

هەمان ئەو ئەنجومەنە کاتییەی کە لەبەشی سێیەمی ئەم زنجیرە وتارەدا پێشنیازکرا ئەرکی ئامادەکاری و جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردنی ریفراندۆمی یەکلایەنە دەگرێتە ئەستۆ. هەر ئەو ئەنجومەنەشە کە بڕیاردەدات:

- داخۆ پرۆسەی سەرژمێری ناوچە دابڕاوەکان لە هەمان ڕۆژی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان بێت یان لە پێش ئەو.
- ڕێکخستنی ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنوسی ناوچە دابڕاوەکان چەندە پێش بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان یان مانەوەی لە عێراقدا بێت.
- لەسەر چۆنییەتی دابینکردنی زەمینە و میکانیزم و پێداویستیە لۆجیکی و تەکنیکیەکانی پرۆسەکانی سەرژمێری و ریفراندۆم لە ناوچە دابڕاوەکان و کوردستان.

**دوای ریفراندۆم**

دوای ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامەکانی هەر ناحیەیەک یان قەزایەک ڕادەگەیەنێت ئەنجومەنی کاتی و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان پێویستە ئەم هەنگاوانە هەڵبێنن:

1. ڕاگەیاندنی فەرمیانەی ئەنجامەکانی ریفراندۆم.
2. ئەگەر ڕێژەی دەنگدەران لە هەر ناوچەیەک (قەزا یان ناحیە) لە ٥١% کۆی دەنگدەرانی ناوچەکەی تێپەڕکرد ئەوا دەبێت دەنگدان لەو ناوچەیە بە سەرکەوتو ڕابگەیەنرێت. بەڵام لە هەر ناوچەیەک ڕێژەی دەنگدەران لە ٥١% کەمتر بوو ئەوە دەبێت ئەو ناوچەیە وەک ناوچەیەک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بناسرێت.
3. ڕێژەی دەنگ بە بەڵێ یان نەخێر لە ریفراندۆمەکە لەسەر بنەمای ئەو دەنگانە دیاریدەکرێت کە بەشداردەبن لە ڕیفراندۆمەکەدا نەک لەسەر بنەمای ژمارەی سەرجەم ئەوانەی کە مافی دەنگدانییان هەیە.
4. هەڵوێستی بەغدا هەرچییەک بێت، حکومەتی هەرێم وەک بەشێک لە ئیدارەی هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوچانەدا ەبێت بکات کە دەنگیان بۆ گەڕانەوە بۆ سەر کوردستان داوە.

5. پێشمەرگە و ئاسایش و ئیدارەی هەرێم دوایی ڕیفراندۆم دەبێت بچنە ئەو ناوچانەی دەنگیان بۆ گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمداوەو دەبێت مامەڵەی هەمان ناوچەکانی هەرێمیان لەگەڵدا بکرێت.
6. لە حالەتێکدا حکومەتی عێراق بودجەو موچەی فەرمانبەرانی ناوچە گێردراوەکانی بڕی، کە ئەگەری زۆر بەهێزە، ئەوا دەبێت حکومەتی هەرێم بودجەی تایبەت بۆ ناوچە گێردراوەکان دابینبکات و موچەی فەرمانبەرانیش بدات لەگەڵ پڕکردنەوەی هەر کەموکوڕییەک لە ئاکامی ئابلۆقەی بەغدا دەکەوێتەوە.
7. حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی دەبێت بکەوێتە دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ داننان بە ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە.
8. لە هەموو گفتوگۆ و دانوستان و رێکەوتنێکدا شەرعییەتی ئەنجامەکانی ریفراندۆم دەبێت بکرێنە خاڵی دەسپێک و مساوەمەیان لەسەر نەکرێت.

ئێمە تا ئێستا لە چوار بەشدا لەم زنجیرە وتارەدا قسەمان لەسەر چەندین چەمک و پرسی پەیوەست بە بەدەوڵەتبوون و ئەستەنگ و تەحەداو میکانیزمەکانی گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان و پێویستیی و پێداویستییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کرد. پرسیاری هەرە گەورە دوای ئەم قسەوباسانە ئەوەیە ئایا کاتی کارکردن بە ئاراستەی ئەو میکانیزمانەی لە سەرەوە باسمانکرد هاتووە؟ بە واتایەکی دیکە گرنگی هەنوکەیی بوونی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئێستاکانێ لە چیدایە. لە سێ بەشی داهاتوودا ئەم پرسە گرنگە دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستانیی و عێراقیی و ناوچەیی و جیهانییەوە.

## بەشی پێنجەم: هەلومەرجی کوردستانی و گرنگی و هەنوکەیی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ

لە بەشی دووەمی ئەم زنجیرە باسەدا باسی ئەو پرسانەمان کرد کە وەک ئەستەنگ و تەحەدای بەردەم پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی لەلایەن بەشێک لە سیاسییەکان و چاودێرانی سیاسی و رۆشنبیرانەوە قسەیان لەسەر دەکرێت. ئەوان پێداگری لەسەر نەبوونی زەمینەی گونجاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی دەکەن و هەر هەنگاوێک بە ئاراستەی دامەزراندی دەوڵەت بەمانای خۆکوژی و لە دەستدانی سەرجەم دەسکەوتەکان لە قەڵەمدەدەن. پێچەوانەی ئەم تێزە، لە سێ بەشی داهاتوی ئەم زنجیرە وتارەدا تاوتوێی ئەو هەلومەرج و پێشهاتانە دەکەین کە راستتیە پشتڕاست دەکەنەوە کە مانەوەی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق جۆرێکە لە خۆکوژی و لەدەستدانی دەسکەوتەکان نەک دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی. بۆ ئەو مەبەستە لە سێ بەشدا هەلومەرجی کوردستانیی و عێراقی و ناوچەیی و جیهانی دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لەم بەشەدا تەرکیز دەکەینە سەر هەلومەرجی کوردستانیی.
لە پەیوەند بە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی بەشێک لە نوخبەی رۆشنبیریی و سیاسیی کوردستانی، ئەوانەی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەت لە حالی حازردا نین، کە باس لە پرسەکە دەکەن زیاتر لایەنە لاوازەکانی هەرێمی کوردستان نیشاندەدەن و لایەنە بەهێزەکانی بەگشتی نادیدەدەکەن. بەشێک لەوانەش کە لەگەڵ هەنووکەیی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیدان بەگشتی مەسەلەی سۆز نەک لۆژیک زاڵە بەسەریان. بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستان لە پەیوەند بە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. لەم بەشەدا تیشکی زیاتر دەخرێتە لایەنە لاوازەکان و لایەنە بەهێزەکانی هەرێمی کوردستان.

**لایەنە لاوازەکان**

ئەو ڕۆشنبیرو چاودێر سیاسیانەی پێداگری لەسەر لەبارنەبوونی کات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی دەکەن، زۆرجار جەخت لەسەر دوو خاڵی لاوازی کوردستان دەکەن:

1. هەڵوێستی نەرێنی وڵاتەکانی ناوچەکە و جیهان لەهەمبەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانی. کورتهێنان و نادروستی ئەم تێزە بە درێژی لە بەشی هەفتەمدا باسدەکەین.
2. نادادپەروەری و گەندەڵی و قۆرخکاری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و لاوازی دیموکراسی لە هەرێم وەک ڕێگرییەکی دیکەی بەردەم ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی دەبینرێت. پێچەوانەی ئەم بۆچوونە باوانە، ئێمە پێمانوایە کە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەرهەڵدان و تەشەنەکردن و بەردەوامی ئەم دیاردە خراپ و قێزەونانە مانەوەی کوردستانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. واتە، تا کوردستان بەشێک بێت لە عێراق ناتوانرێت ئەم دیاردانە بنبڕبکرێن. بۆ تێگەیشتن لەم ئارگیومێنتە کۆمەڵێک پرسی پەیوەندار تاوتوێدەکەین.

**پرسی سەقامگیری و ئاسایشی کوردستان و مانەوە لە عێراق**

مانەوەی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق نەک هەر نابێتە هۆی چارەسەرکردنی پرس و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەڵکو ئەزمونی چەند ساڵە سەلماندویەتی کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتردەبن و ئەگەری تەقینەوەو لە دەستدەرچوونیان ڕۆژانە زیاتر دەبێت و هەرێم هیچ سەقامگیرییەک بە خۆیەوە نابینێت، لەبەر ئەم هۆیانە:

1. پێچەوانەی ڕای باو لە کوردستان، ستاتۆی ئێستای کوردستان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ستاتۆی کوردستان پێش ٢٠٠٣. پێش ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک لە پاراستنی نێودەوڵەتی بەهرەمەند بوو بەڵام نە عێراق نە کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتی، تەنانەت ئەو وڵاتانەی کە هەرێمی دژە فڕینییان سەپاند و دەپاراست، وەک هەرێمێکی سەربەخۆ یان فیدرال دانیان بە کوردستان نەنابوو. بەهەمانشێوە، ڕاستە هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣وە لەدەستووری عێراقدا بەفەرمی ناسراوە، بەڵام ئەم بەفەرمی ناسینە هیچی لە ستاتۆ ناڕۆشنەکەی هەرێمی پێش ٢٠٠٣ کەمنەکردۆتەوە. واتە، سەرەڕای بەفەرمی ناسینی بەشێک لە کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ، کوردستان هێشتا لە کایەی دیفاکتۆ دەرنەچووە نە بەشێکە لە عێراق وە نە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.
2. ناسەقامگیرییەکی هەرێم لەوەدایە کە هێشتان کێشە سەرەکییەکانی لەگەڵ بەغدا نەک هەر یەکلانەکردۆتەوە بەڵکو بەهەڵواسراوی و ئاڵۆزی ماونەتەوە و بونەتە سەرچاوەیەکی ناکۆکی قوڵی نێوان هەولێر و بەغدا، لەوانە:
    a. ناوچە دابڕاوەکان و سنووری هەرێمی کوردستان،
    b. سەروەری و دەسەڵاتەکانی هەرێم و بەغدا،
    c. خاوەندارێتی و مافی وەبەرهێنان لە سامانە سروشتییەکانی هەرێم،
    d. بودجە و پشکی هەرێم لە داهاتی عێراق و مەسەلەی باج و داهاتەکان،
    e. ستاتۆی پێشمەرگە و ژمارە و سنوور و جۆری ئەرک و چالاکیی و چەک و موچەی،
    f. پرسی گەڕانەوەی سوپا و دامودەزگا ئەمنییەکانی عێراق بۆ کوردستان.

مانەوەی سەرجەم ئەم کێشانە بە هەڵواسراوی بۆتە سەرچاوەی گرژیی و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و حالەتێکی وای هێناوەتە پێش کە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ زۆر بووە. دەتوانین بڵێین کە هێرشی عێراق بۆ سەر کوردستان بووەتە مەسەلەی کات.

لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە، مانەوەی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق سەقامگیریی و ئاسایشی هەرێم نەک بەهێز ناکات بەڵکو کوردستان بە بەردەوامی لە ژێر تارمایی هەڕەشە و شەڕدا دەیهێڵێتەوە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێت گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر کوردستان لەمڕۆدا لە

بەغداوە سەرچاوەی گرتووە. ڕاگەیاندنی هەندێک بەرپرسی عێراقی بە ڕاشکاوی مەیل و پیلانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان نیشاندەدەن. کەواتە مانەوەی ناسەقامگیری نەک سەقامگیری بەدواوەیە.

**پرسی گەندەڵی و دیموکراسی و مانەوە لە عێراق**

مانەوەی هەرێم وەک بەشێک لە عێراق یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی گەندەڵی و ناعەدالەتی و قۆرخکاریی و کاڵبوونەوەی دیموکراسی لەهەرێمدا. بۆیە ئێمە جیابوونەوە بە یەکێک لە هەنگاوە هەر سەرەکییەکانی نەهێشتنی گەندەڵی و فەراهەمکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیزەکردن لە کوردستان دادەنێیین. بۆ تێگەییشتن لەو هاوکێشەیە کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندار دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە:

1. ناڕۆشنی وەزعی هەرێمی کوردستان ڕێگرێکی سەرەکییە لەبەردەم وەبەرهێنان لە پرۆژە ستراتیجی و درێژخایەنەکان. ئەمەش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ئەم حکومرانییە خراپەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەرقەرارە. سەرەڕای ئەوەی ئێستا بازرگانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دیکە تا ڕادەیەک شکڵی فەرمی وەرگرتووە بەڵام هێشتان هەرێم مافی ئەوەی بەدەستنەهێناوە کە وەبەرهێنان لە سامانە سروشتییەکانی کوردستان بکات. بۆنمونە هەرێم مافی دروستکردنی بەنداوی ستراتیجی و پرۆژەی ئاودێری گەورەی نیە. لەبواری نەوتیشدا، هەرێم ڕێگریلێدەکرێت لە وەبەرهێنان، چ دەرهێنان چ فرۆشتن وە چ بە پیشەسازیکردنی کەرتی نەوت. ئەم فشار و تەنگپێهەڵچنینە هەرێمی ناچارکردوە بە فرۆشتنی نەوت بە قاچاغ. لەبەرئەوەی کاری قاچاغیش سروشتێکی نهێنی هەیە، تەنیا ژمارەییەکی سنووردار لەم بازرگانییە ئاگادارن. بەمانایەکی دیکە، یەکێک لە دەرئەنجامە خراپەکانی وەزعی ناڕۆشنی کوردستان لە عێراق پشتبەستنە بە شێوازی بازرگانی قاچاغ بۆ هەناردەکردنی بەرهەمەکانی نەوت. ئەمەش بوارێکی چاکی ڕەخساندوە بۆئەوەی بازنەیەکی بچوک لە ئەندامانی حزبە فەرمانڕەواکان بە خراپی سوود لەو سەرچاوە گرنگەی داهاتی کوردستان وەربگرن. ئەم حاڵەتە لەلایەکەوە ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ فراوانبوون و پەرەسەندنی گەندەڵی پاڵنەریش دەبێت بۆ بەردەوام بوونی ئەگەر کوردستان وەک بەشێک لەعێراق بمێنێتەوە.
2. ناڕۆشنی ستاتۆی کوردستان بۆتە هۆی فەشەلی هەرێم لە دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی بەدیل بۆ ئەو بودجەیەی کە لەبەغداوە دێت. پشتبەستن بە بودجەی بەغدا بۆتە هۆی ڕەخساندنی زەمینەی خەمساردیی و بیرنەکردنەوەو گەندەڵی و قۆرخکاری وسەرچاوەی کۆمەڵێك کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابوریش، لەوانە:
   a. بۆتە هۆی گەشەسەندنی کەلتوری پاشکۆیەتی ئابوری هەرێم بۆ بەغدا. ئەم کەلتوری پاشکۆیەتییە وایکردووە کە هەرێم هەمیشە دەستی لە ژێر سەری بەغدا دابێت و مەترسی زیندوکردنەوەی ئابڵوقەی ئابوری بەسەر سەری هەرێم بەردەوام وەک تارماییەک بخولێتەوە. ئەمەش دەسەڵاتەکان و مناوەرەکانی هەرێمی سنوردارکردوە و ئەگەری سازشکردنی هەرێم لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا زیاددەکات.
   b. ئیعتیمادکردنە سەر بودجەکەی بەغدا تێکدانی ژێرخانی ئابوری هەرێم بەگشتی و کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی بەتایبەتی لێکەوتۆتەوە. ئەم پاشکۆیەتی ئابورییە خەمساردی لای دەسەڵاتدارانی هەرێم قوڵترکردۆتەوەو بووە بە بەربەستێک لە پێش بیرکردنەوە لە سەرچاوەی داهاتی دیکە بۆ هەرێم. هاوکات کەمتەرخەمی لێکەوتۆتەوە لە گەشەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری و بە پیشەسازیکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ. ڕەنگە کوردستان تاکە وڵات بێت لە دنیادا کە لە ٩٠% ی پێداویستییە خۆراکییەکانی لە دەرەوەی وڵات هاوردەبکات. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕۆژگارێکبوو کوردستان وەک سەبەتەی نانی عێراق ڕۆڵی دەگێڕا. میوە و

سەوزەو دانەوێڵەی کوردستان جگە لە پێداویستی ناوخۆی کوردستان بەشێک لە پێداویستییەکانی عێراقیشی دابیندەکرد.

c. هەر ئەم بودجە ئامادەیەی بەغداشە کە وایکردوە ئۆردویەک بێکاری-فەرمانبەر لە کوردستان لەلایەن حکومەتەوە دروستبکرێت کە ٦٥% ی بودجەی هەرێمی بۆ تەرخانکراوە.

d. بودجەی ئامادە وای لە دەسەڵاتدارانی هەرێم کردوە کە خەمساردی بنوێنن لە وەبەرهێنان لە پرۆژەی ستراتیژی و بەرهەمهێن و درێژخایەن. لەئەنجامدا کوردستان وەک یەکێک لە ناوچە بەرهەمنەهێن و پەراوێزەکانی ناوچەکە ماوەتەوە و بووە بە بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵاکانی وڵاتانی دەوروبەر.

e. بودجەی ئامادە و پاشکۆیەتی بۆتە هۆی داهێنانی کەلتووری سپیکردنەوەی پارە. لەبری ئەوەی ئەو بودجەیە بۆ بوژانەوە و بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابوری کوردستان سوودی لێوەربگیرێت بە خراپ سوودی لێوەردەگیردرێت. کەلتوری سپیکردنەوەی پارە بۆتە هۆی فراوانکردنی کەلێنی نێوان هەردوو چینی دەوڵەمەند و هەژار لە کوردستان و هەڵاوسانی ئابوری و هەرەشە لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی هەرێم.

3. هاتنی بودجە هۆکارێکی گرنگی لاوازی دیموکراسیەتە. لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا باج و کەرتە بەرهەمهێنەکان سەرچاوەی سەرەکی بودجەی گشتی پێکدێنن. لەبەرئەوە حکومەتەکان هەمیشە خۆیان لەبەردەم لێپێچینەوەی خەڵکدا دەبیننەوە. بەپێچەوانەوە، بودجەی ئامادەی بەغدا وایکردووە کە حکومەتی هەرێم بۆ دابینکردنی داهات پشت بە کۆکردنەوەی باج نەبەستێت. لەبری ئەوەی خەڵک ببن بە سەرچاوەی داهات و بودجەی گشتی، حکومەت وەک سەرچاوەی ژیان و بژێوی خەڵک دەردەکەوێت. ئەمەش وایکردووە کە حکومەت رۆڵی فریادرەس ببینێت و پارە بەرابەر بە ملکەچی بەسەر خەڵکدا دابەشبکات. لەچوارچێوەی ئەم هاوکێشە سەراوبنەدا کەمترین بوار بۆ لێپێچینەوەی خەڵک لە ئەدای حکومەت دەرەخسێت. ئەگەر لێپێچینەوەش نەبێت دیموکراسی گەشە ناکات و شەفافیەت بوونی نابێت.

بەکورتی، لەلایەکەوە بودجەی ئامادە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەندەڵی و نەبوونی ئابورییەکی سەربەخۆ و گەشەنەکردنی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ، رێگرێکیشە لە پێش گەشەی دیموکراسی لە کوردستان. لەلایەکی ترەوە، بودجە یەکێکە لەو ڕایەڵە سەرەکییانەی کە هەرێمی بە بەغداوە بەستۆتەوە و سەروەری و ئیرادەی گەلی کوردستانی سنووردارکردووە. دەرچوون لەو گرفت و قەیرانانە ئەوە دەخوازێت کە ئەو رایەڵە بپچڕێنرێت و دەست بۆ بەدیلی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ببردرێت.

### لایەنە بەهێزەکانی هەرێمی کوردستان.

هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک لایەنی بەهێزی هەیە کە کەم وڵات لەکاتی سەربەخۆیی وەرگرتن یان دامەزراندنیدا هەیانبووە و تەنانەت بەشێکی زۆریان تا ئێستاش لێی بەهرەمەند نین.ئەم چەند نموونەی خوارەوە ئامادەیی کوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی پیشان دەدەن :

1. لە رووی سەربازی و ئابوری و ژمارەی دانیشتوانەوە پێگەی کوردستان لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لە سەد ساڵی رابردودا سەربەخۆییان بەدەستهێناوە بەهێزترە. لە ئێستادا کوردستان لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەفریقا، وڵاتانی سۆڤییەت و یۆگۆسلافیای پێشو بەهێزترە. تازەترین نمونەی ئەم حاڵەتەش ئەو وڵاتانەن کە لە دوو دەیەی رابردوودا سەربەخۆییان بەدەست هێنا، وەکو ئەریتریا، تەیموری رۆژهەلات، کۆسۆڤۆ و باشوری سودان.

a. هیچ کام لەم دەوڵەتانە نە لە کاتی دامەزراندنییان و نە ئێستاکەش وەک کوردستان لەشکرێکی دە هەزار کەسیان نییە. هێزی سەربازی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بە زیاتر لە ٨٠٠٠٠ چەکدار دەخەمڵێنرێت، ئەمە بێجگە لەو هەزاران کەسەی کە لە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش خزمەت دەکەن.

بەم پێیە کوردستان لە رووی سەربازییەوە لە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتی سەربەخۆی جیهان بەهێزترە. ژمارەی هێزە چەکدارەکانی کوردستان دە هێندەی کۆسۆڤۆ و پێنج هێندەی کویت و دوو هێندەی تونس و هاوتای کازاخستان و نەرویج و ئوسترالیيایە. ئەم هێزە زەبەلاحە ئەگەر وەک پێویست تەیاربکرێت پاڵپشتێکی چاکە بۆ دامەزراندن و پاراستنی دەوڵەتە تازەکەی کوردستان.

b. بە بەراورد بە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لە سەد ساڵی رابردودا سەربەخۆییان بەدەستهێناوە، کوردستان وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندە بەتایبەتی لە بواری سامانە سروشتییەکان. کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ دەتوانێت یەک ملیۆن بەرمیل بەرهەمبێنێت و لە ساڵی ٢٠١٩ زیاتر لە دوو ملیۆن بەرمیل. بەتەواوبوونی بۆرییە نەوتییەکانی خۆی لە ٢٠١٤ دا دەتوانێت بێ پشتبەستن بە بۆرییە نەوتەکانی عێراق نەوت هەناردە بکات. کەواتە لە کۆتایی ئەم دەیەدا کوردستان دەبێتە یەکێک لە زلهێزە نەوتییەکانی جیهان. ئەمەش زەمینەی مانەوە و گەشەسەندنی کوردستان مسۆگەردەکات.

c. کوردستان تۆڕێکی میدیای گەورەی هەیە کە ٤٠٠ دەزگای میدیا و دە کەناڵی ئاسمانی لەخۆدەگرێت. لەم بوارەدا هەرێمی کوردستان لە ١٠٠ وڵاتی جیهانی پێشکەوتوترە. میدیای کوردستان هاوتای ئەمسایە و دوو هێندەی نێجیریا و ئێرلەندا و بەحرەین و یەمەنە. ئەگەر ئەو میدیا زەبەلاحە ئازادانە ببێتە دەنگی کوردستانیان و بە بەرنامەیەکی نیشتیمانیی ڕێکبخرێت ئەوا دەتوانێت کوردستانیان لە خزمەت دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان هەڵبسورێنێت و کاریگەریش لەسەر رای گشتی ناوچەکە و تا ڕادەیەکیش جیهانی دابنێت.

2. جگە لە ناوچە دابڕاوەکان، لە ئێستادا تاکە سەربازێکی عێراق لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە. دەسەڵات و دامودەزگا ئیداریی و ئەمنییەکانی بەغدا لە کوردستان جێگایان نەکراوەتەوە. نەبوونی هێزی سەربازیی نەیار لە هەرێم دەرفەتی چاک بۆ هێزە چەکدارەکان دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی لە ناوچە دابڕاوەکان کەڵکیان لێوەربگیردرێت. لە ڕاستیدا بەشێکی بەرچاوی هێزە سەربازییە عێراقییەکانی ناوچە دابڕاوەکانیش لە یەکەی کوردی پێکهاتوون کە دەکرێت بە قازانجی کوردستان هەڵبسوڕێنرێن.

3. پێچەوانەی ئەزموونی زۆر لە وڵاتە تازە دامەزراوەکان، لە کوردستاندا هێزێکی سیاسیی یان کۆمەڵایەتیی نییە کە کرێگرتە و وابەستەی عێراق بێت و ترسی ئەوە هەبێت کە لە بەرژەوەندی بەغدا سەنگەری لە دژی خەڵکی کوردستان بگرن.

4. راستە کوردستان سنوری دەریایی نییە، بەڵام سنورێکی وشکایی بە زیاتر لە ١٠٠٠ کم لەگەڵ سێ وڵاتدا هەیە، سوریا، تورکیا و ئێران. ئەمەش بواری بازرگانی، بەتایبەتی لە بواری نەوتدا دەرەخسێنێت. کوردستانیان دەتوانن نەوت لە بەرابەر ئەگەرەکانی ئابلۆقە بەکاربێنن وەک چۆن ئیسرائیل خاکی لە بەرابەر ئاشتی بەکارهێنا.

5. بوونی دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە کوردستان دەکرێت وەک پردێک لە نێوان کوردستان و جیهانی دەرەوە سوودی لێوەربگیرێت و بەشێک لە ئابلۆقە چاوەڕوانکراوەکان لە حاڵەتی دامەزراندنی دەوڵەتدا، لەلایەن عێراقەوە، کەمبکاتەوە.

ئەمانە و چەندین خاڵی دیکەی بەهێز کە کوردستان لێی بەهرەمەندە و زۆربەی وڵاتان لەکاتی دامەزراندی دەوڵەتی سەربەخۆ لێی بێبەشبوون. ئەگەر وەک لە بەشی سێی ئەم زنجیرە وتارەدا ئاماژەمان پێکرد، پرسی دامەزراندنی دەوڵەت بە پرۆژەو بە جەماوەریی بکرێت لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستاندا زەمینەیەکی لەبار و هەلێکی مێژوویی بۆ دامەزراندن و لەسەرپێ مانەوەی دەوڵەتی کوردستانی رەخساوە. نادیدەکردنی ئەم بارودۆخە لەبارە هەڵەیەکی مێژووییە و لەدەستدانی هەلێکە کە رەنگە لەداهاتوودا دووبارە نەبێتەوە. لە دوو بەشی داهاتوودا باس لە هەلومەرجی عێراقی و ناوچەیی و جیهانی دەکەین.

# بەشی شەشەم: هەلومەرجی عێراقیی و هەنوکەیی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان

لە بەشی پێنجەمی ئەم زنجیرە وتارەدا باسمان لە هەلومەرجی کوردستان کرد لەمەڕ پرسی هەنوکەیی بوونی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی. لەم بەشەدا باس لەو بارودۆخە دەکەین کە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ تا ئێستا پێیداتێپەڕدەبێت. ئەو خاڵانە دەخەینە ڕوو کە لە هەلومەجی عێراقی دەردەکەون و هەنوکەیی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان پشتڕاستدەکەنەوە.
دەوڵەتی عێراق بە دوو ئاقاری جیاوازدا هەنگاو دەنێت. لەسەرێکەوە تادێت قەیرانەکانی ئەو وڵاتە زیاترو ئاڵۆزتردەبن و عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە دەبەن. لەسەرێکی دیکەوە، عێراق، بەتایبەتی لە ڕووی ئابوربییەوە، خەریکە دەبێتە یەکێک لە زلهێزە نەوتییەکانی جیهان. ئێمە پێمانوایە کە هەر دوو حاڵەتەکان بۆ گەلی کوردستان مەسەلەی هەوڵەکانی سەربەخۆیی کوردستان دەکەنە پرسێکی هەنوکەیی. لە خوارەوە باسی هەر دوو لایەن، لاواز و بەهێزەکانی عێراق دەکەین.

### لایەنە لاوازەکانی عێراق

لە ٢٠٠٣ دا لەگەڵ هاتنی ئەمریکا تەواوی دامودەزگا دەوڵەتییەکانی عێراق بە وەزارەتی بەرگریی و دەزگا ئەمنییەکانیشیەوە، هەڵوەشایەوە. پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی چەند هەنگاوێکی هەڵێناوە، بەڵام تا ئێستا عێراق نەیتوانیوە وەک وڵاتێکی یەکگرتوو و دەوڵەتێکی کارا بەرهەمبێنێت. دەکرێت قەیرانەکانی عێراق لەم خاڵانەدا کۆ بکرێنەوە:

1. پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق بەگشتی فەشەلی هێناوە. عێراق نەیتوانیوە دەوڵەتێک دابمەزرێنێت کە چەمکی هاوڵاتیبوون ببێتە کۆڵەگەیەکی ئەو دەوڵەتە و ئینتیمای نیشتیمانی زاڵبکرێت بەسەر ئینتما نەتەوەیی و ئەتنیکی و ئاینی و مەزهەبی و ناوچەییەکاندا.
2. عێراق لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە، هەوڵی جیدی نەداوە بۆ دروستکردنی حکومەتێک کە لەسەر بنەمای شەراکەت و بەشداریپێکردنی پێکهاتەکانی دروستبووبێت. بۆ ماوەی هەشتاساڵ سوننەکان شیعەکانیان پەراوێزکردبوو، لە ٢٠٠٣ ێشەوە ئەوە سوننەکانن لەلایەن شیعەکانەوە پەراوێزدەکرێن. کورد و شیعە لە داوی ٢٠٠٣ جۆرێک لێکنزیکبوونەوەیان هەبوو بەڵام نەک لەسەر ئاستی بەشداریپێکردن و بەشداریکردن لە دەسەڵات و بڕیارداندا. ماوەیەکیشە، لەگەڵ جێ پێ قایمکردنی شیعەکان لە حوکمڕانیدا، پەیوەندییەکانی ئەو دوو لایەنە بەرەو لێکترازان دەڕوات. بە کورتی جێگۆڕکێی سوننەکان و شیعەکان لە دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا هیچی لە قەیرانە مێژووییەکانی عێراق کەمنەکردۆتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ململانێکانی بردە ئاستێکی دیکە، شەڕی ناوخۆ.
3. ئەمرۆ عێراق بە فیعلی بەسەر سێ هەرێمی رکابەری سوننە و شیعە و کوردا دابەشبووە. کێشەی نێوان سوننە و شیعە کە کێشەیەکی عەقیدەیی-سیاسی-مێژوویی ناو ئیسلامە، ئەمڕۆ لە عێراقدا رەهەندی دیکەی وەرگرتووە کۆمەڵێک دەرهاوێشتەی لێکەوتۆتەوە کە کۆنترۆڵکردن و چارەسەرییەکانی لە حالی حازردا سەختە.
4. عێراق لە کێشەیەکی قوڵی ناسنامە (شوناس) دا دەژیت. لە چل و پەنجاکان و شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ململانێ لەسەر ناسنامەی عێراق لە نێوان دوو تەیاری ئایدیۆلۆجی بوو، قەومییەکان و وەتەنییەکان. قەومییەکان کە حزبی ئیستقلال لەسەرەتاو دواتریش بەعس رابەرایەتی دەکردن لە هەوڵی توانەوەی عێراقدابوون لەناو بەوتەقەی عروبەدا و نوێنەرایەتی سوننەکانیان دەکرد. لە بەرابەر ئەو تەیارێکی وەتەنی سەریهەڵدا کە لە سەرەتا حزبی وەتەنی و دواتریش حزبی شوعی رابەرایەتی دەکرد. ئەم تەیارە کە نوێنەرایەتی شیعەیان دەکرد کوردێکی زۆریشیان تێکەڵ ببوو. تەیاری وەتەنی جەختی لەسەر عیراقیبوونی ناسنامەی عێراق دەکردو تا

ڕادەیەک علمانی بوون. بەڵام لە هەشتاکانەوە لەگەڵ فەشەلی پرۆژەکانی حزبی شوعی و بە سوننیتربوونی بەعس تەیاری دینی-مەزهەبی لە عێراق سەریانهەڵدا. ئەم تەیارانە کە تا ئێستاش لە بەرگ و ڕەنگی جیاجیان، لەبەر مەزهەبیبوونیان بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانیوە کە ببن بە چەترێک سوننەکان و شیعەکان لە یەک تەیاردا (بۆنمونە، یەک حزب) کۆبکەنەوە.

5. کێشە مێژووییە مەزهەبییەکەی نێوان شیعە و سوننە ئێستا زیندوکراوەتەوە و هەژموونی مەزهەبگەرێتی (تایەفەگەرێتی) بەسەر جیهانبینی تاکی شیعە و سوننەی عەرەبدا زاڵە. ئەم کێشە مەزهەبییە ئێستا بووە بە بەشێک لەو شەڕەی کە لەسەر ناسنامەی عێراقدا دەکرێت. شیعەکان دەیانەوێت کارەکتەرێکی شیعی-عێراقی بە ناسنامەی عێراق بدەن، لەبەرابەر ئەوان سوننەکان دەیانەوێت کاراکتەری سوننی-عەرەبی-عێراقی لە ناسنامەی عێراقدا ڕەنگدانەوەی هەبێت. شەڕی ناسنامە هێندە قوڵبۆتەوە گەیشتۆتە ئاستی ململانێ لەسەر جۆری بانگدان لە تەلەفزیۆنی فەرمی حکومەتی عێراقدا. ئەمە بێجگە لەو شەڕە خوێناوییە کە لە ٢٠٠٣ تا ئەمرۆ ١٠٦٤١٦ کەسی بووەتە قوربانی، کە بەشی هەرە زۆریان لەسەر ناسنامە کوژراون. لە ڕاستیدا ملمانێی ناسنامەکان لە عێراقدا لە ڕۆژی دروستبوونی عێراقەوە تا ئەمرۆ سەرەکیترین قەیرانی عێراقە.

6. ململانێی ناسنامەکان لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ لە ئاستی ململانێ لەسەر ناسنامەی عێراق تێپەڕیکردوە گەیشتۆتە ئاستی پاکتاوی ڕەگەزی و پاککردنەوەی ناوچەکان و گەڕەکەکان لە کەسانی سەر بە مەزهەبەکەی دیکە. لە ساڵی ١٩٢١ شیعە ٢٠%ی دانیشتوانی بەغدایان پێکدێنا، لە ساڵی ١٩٥٨ ئەم ڕێژەیە لە ئاکامی کۆچی شیعەکان بۆ بەغدا گەیشتە ٥٠% و لەگەڵ دەستپێکی شەڕی ناوخۆ لە ٢٠٠٣ خۆی لە نزیک ٧٠% دەدا، بەڵام لە دوای شەڕی ناوخۆ و دەرپەڕاندنی سوننەکان لە بەغدا ئێستا بە زیاتر لە ٨٥% مەزەندە دەکرێت. دەگمەنە ئەو ناوچانەی یان ئەو گەڕەکانەی کە ئەمرۆ شیعەی تێدا زاڵبێت و سوننەی تێدا مابێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ملمانێی ناسنامە لە عێراق لە ململانێیەک لەسەر ناسنامەو کاراکتەری عێراق بووە بە شەڕێک لەسەر خاک و ناوچە و شار. بە واتایەکی دیکە ڕەهەندی خاک تێکەڵ بە ململانێکە بووە. هاوکات نیشانەی دابەشبوونێکی تەواوی خاکی عێراقە نەک هەر لەنێوان عەرەب و کوردا بەڵکو لەنێوان سوننە و شیعەشدا. ئەمرۆ عێراق لە کۆمەڵگەیەکی لێکترازاو پڕ کێشمەکێش پێکهاتووە. ئەمەش وادەکات لە حاڵەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیدا توانای پێکهێنانی بەرەیەک دژ بە دەوڵەتەکە لاوازبێت.

7. لەسەر ئاستی سیاسیدا، لە نەوەتەکانەوە لەگەڵ لاوازبوونی، ئەگەر نەڵێین مردنی، حزبی شوعیدا، عێراقییەکان پلاتفۆرمێکی یەکگرتویان نەما کە سنورەکانی مەزهەب و نەتەوە ببەزێنێ و ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتەکانی عێراق. ئێستا لە عێراق زۆربەی، ئەگەر نەڵێین هەموو، ڕێکخراو و حزبەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی یان ناوچەیی دامەزراون. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ریفراندۆمەکانی ئەم دواییەی عێراق ئەم ڕاستییە بە چاکی دەردەخەن. بۆنمونە، سەرەڕای ئەو هەموو ئیدیعا وەتەنییەی کە حزبی دەعوە ساڵانێکە دەیکات و ئەو هەموو هەوڵانەی کە مالیکی، سەرۆک وەزیری عێراق، کردی کەچی لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرکردایەتی دەعوە، نەیتوانی یەک دانە کورسی لە هیچ ناوچەیەکی سوننەنشین نە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان نە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەدەستبێنێت. ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە دابەشبوونی مەزهەبی لە عێراق گەیشتۆتە ترۆپکە و ئەگەرەکانی بە یەکپارچەیی مانەوەی ئارەزومەندانەی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبێت.

8. دەرکەوتێکی دیکەی قەیرانی ناسنامەی عێراق دابەشبوونی دامەزراوە ئیداریی و سەربازیی و ئەمنییەکانی عێراقە. سەرەڕای ئەوەی حوکمی عێراق بە دەست شیعەکانە کەچی بە دەگمەن فەرمانبەرێکی شیعە مەزهەب لە ناوچە سوننەنشینەکان دەبینیت، پێچەوانەکەشی ڕاستە. هێزە سەربازییەکانی عێراق ئەگەر لە ئاستی فیرقە دابەشنەبووبن ئەوە لە ئاستی فەوج دابەشکراون.

ئەگەر بێتو باسی پاکتاوی ڕەگەزی سوننەکانیش بکەین لەناو لەشکری عێراق و فەرمانگە کارگێرییەکان، بە بیانوی ڕیشەکێشکردنی بەعس، ئەوە دیاردەیەکی زۆر زەقی دەوڵەتی عێراقی دوای سەدامە. ڕیشەکێشکردنی بەعس دیویکی دیکەی بە ناسوننەکردنی حوکمڕانی عێراقە و لێکترازانێکی دیکەی دەوڵەت و کۆمەڵگای عێراق نیشاندەدات.

9. عێراق وەک دەوڵەتێکی سینترالیزم (مەرکەزی) لە دایکبوو و رۆح و پراکتیزەکردنی سێنترالیزم لە سەردەمی سەدامدا گەیشتە ترۆپکی. شیعەکان و کوردەکان هەشتا ساڵبوو خەونیان بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ناوەند دەبینی. بۆیە فیدراڵی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی حوکمڕانی لە عێراق دەبینرا و ببووە داوایەکی سەرەکی کورد و جاروبار شیعەکانیش. دوای روخانی سەدام سوننەکان خەونییان بە گەڕانەوەیان بۆ دەسەڵات دەبینی و پێداگرییان لەسەر بەسێنترالی مانەوەی عێراق دەکرد. لەگەڵ قوڵبوونەوەی دەسەڵاتی شیعەکان زۆری پێنەچوو ئەم خەونەی سوننەکان بووە بڵقی سەر ئاو. وەک کاردانەوەیەک بۆ دەسەڵاتی توندی شیعە لە بەغدا سوننەکان تێڕوانینی خۆیان بۆ داڕشتنەوەی عێراق گۆڕیوەو ئێستا ئەوە ئەوانن داوای بە هەرێمبوون و بە فیدراڵکردن و ناسێنتراڵکردنی عێراق دەکەن. سوننەکان ماوەیەکە باس نەک لە بە هەرێمکردنی ناوچە سوننیەکان دەکەن بەڵکو جارجار مەیلی جیابوونەوە لە قسەکانیان دەردەکەوێت. هاشمی یەکێک لە رابەرانی سوننە چەند رۆژێک لەمەوبەر لە ئەنقەرە رایگەیاند کە دەیەوێت هەرێمێکی گەورەی هاوشێوەی کوردستان لە خاکی عێراقدا دابمەزرێنێت و پارێزگاکانی تکریت، ئەنبارو موسڵ لە خۆبگرێت. ئەم قسانە ستراتیژ بن یان کارتێکی فشار وەرچەرخانێکی گەورەیە لەمەڕ پەیوەندی پێکهاتەکانی عێراق و نیشانەی فراوانبوونی درزی نێوانیانە.

10. هاتنی هاشمی بۆ کوردستان دوایی ئەو داوایەی کە قەزای عێراقی بۆی دەرکرد کۆمەڵێک ئاماژە لە خۆدەگرێت، لەوانە:
    a. دەسەڵاتی سیاسیی و قەزایی عێراق لە کوردستان زۆر لاوازبووە. کوردستان وەک بەشێک لە عێراق ڕەفتارناکات. ئەمەش لاوازی دەوڵەتی عێراقی نیشاندەدات.
    b. سەرەڕای رەخنەی زۆرمان لە شێوەی مامەڵەکردنی سەرکردایەتی کوردستان لەگەڵ پرسی هاشمیدا، بەڵام هاتنی هاشمی ئەوەی پیشاندا کە کوردستان توانای تەحەداکردنی دەسەڵاتدارانی عێراقی هەیە. جگە لەوە، بێتوانایی عێراقی سەلماند لە سەپاندنی یاسا و رێساکانی بەسەر هەرێمدا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێشهاتانە، زێدەرۆیی نییە ئەگەر بگوترێت لە مەسەلەی هاشیمیدا، ئێستا ستاتۆی کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ دێتە پێشچاو.

11. بەغدا لەگەڵ بە شیعەکردنی لە چەند ساڵی رابردودا چیدی ئەو پیرۆزییەی بۆ سوننەکان نەماوە. وەک پایتەخت توانای ئاوێتەکردنی شیعە و سوننەکانی لە بۆتەقەی عێراقدا لەدەستداوە. بەغدا رەونەقی خۆی لەدەستداوە و ناتوانێت ببێت بە سیمبولێکی نیشتیمانی. پایتەخت ئێستا بەسەر زۆنی شیعی و سوننیدا دابەشکراوە. دابەشکردنێک لە جیاکردنەوەی جولەکە و فەلەستینییەکان دەکات، چونکە لە هەردووکیان (زۆنی شیعە و سوننە و ئیسرائیلی و فەلەستین) بلۆکی کۆنکریتی بەکارهاتووە بۆ لەیەکجیاکردنەوەیان. ئێستا گەڕەکی ئەعزەمییەی سوننەنشین تەنانەت ئەو شیعە خواپێداوانەی جارانیشی لێنەماوەو بە خاڵی پشکنین نەبێت کەس ناتوانێت هاتوچۆی بۆ بکات.

12. یەکپارچەیی عێراق نەک هەر بۆ عێراقییەکان ئەو پیرۆزییەی جارانی نەماوە، لەوانەیە زیادەڕۆیی نەبێت، ئەگەر بڵێین بەهۆی نیگەرانی وڵاتە عەرەبییەکان لە هەژمونی شیعەکان، تەنانەت بۆ عەرەبەکانیش ئەو پیرۆزییەی جارانی نەمابێت. لەم ماوەیەدا هاشمی بەئاشکرا رایگەیاند کە سعودییە و قەتەر پشتیوانی خۆیان بۆ هەرێمێکی فیدراڵی سوننە پێڕاگەیاندوە. ئەو لە هەوڵی مسۆگەرکردنی پشتیوانی تورکیاشە بۆ هەرێمێکی سوننی.

13. قەیرانێکی دیکە کە عێراق تێیکەوتوە نەتوانینییەتی لە دروستکردنەوەی پەیوەندییە پچڕاوەکانی لەگەڵ دنیای عەرەبییدا. پشتیوانیکردنی عێراق لە دەنگە نارازییەکانی بەحرەین و پشتیوانیکردنی

لە سەرکوتکردنی دەنگە ناڕازییەکانی سوریا نەک هەر قەیرانەکەی هەمە ڕەهەند و ئاڵۆزکردوە بەڵکو ئیشکالییەتی پەیوەندییە عەرەبییەکانی عێراق لەخۆنیشاندەدا. ناتەبایی عێراق لەگەڵ دنیا عەرەبی بە ڕوونی لە راگەیاندنە فەرمییەکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبی دەبینرێت. هەڵوێستەکانی عێراق لەبەرابەر کێشە ناوخۆییەکانی سوریا و بەحرەین، عێراقی خستۆتە سەنگەری شیعەگەریی لە ناوچەکە بە سەرکردایەتی ئێران لە دژی سەنگەری سوننەگەری بە سەرکردایەتی تورکیا و سعودیە. ئەم مەسەلەیە لە بەشی هەفتەمی ئەم زنجیرە وتارەدا بە درێژی باس دەکەین.

14. عێراقی مالیکی، بە خواستی خۆی یان وەک ئەمری واقیع، بووە بە ئەکتەرێک لە دروستکردن و چەسپاندنی هیلالی شیعیی لە ناوچەکە کە لە ئێرانەوە دەستپێدەکات تا باشوری لوبنان. هەڵوێست و سیاسەتەکانی مالکی، عێراقی خستۆتە سەنگەری دژ بەو سیستەمە هەرێمایەتییەی کە تورکیا و سعودییە و ئەمریکا لەناوچەکە دەیانەوێت دروستیبکەن. بە واتایەکی دیکە، عێراق نەک هاوپەیمانی رزگارکەرەکەی، ئەمریکا، نییە بەڵکو لە دژی جیۆستراتیژیەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا وەستاوەتەوە.

15. ئەمە بۆ ٢٢ ساڵ دەچێت کە عێراق لە ژێر بەندی ٧ ی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە. سەرەڕای هەوڵێکی زۆر حاکمانی عێراق کەچی نەیانتوانییوە وڵاتەکەیان لەژێر ئەم بەندەدا دەربکەن. مانەوەی عێراق لەژێر ئەم بەندەدا، ئەگەرەکانی عێراق لە هێرشکردن بۆ سەر کوردستان سنوردارکەدات. پێویستە ئەم کۆتەی عێراق وەک دەرفەتێکی زێڕین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سوودی لێوەربگیرێت.

هەموو ئەوانە بەسەریەکەوە وایکردووە کە بالانسی هێز، بەشێوەیەکی بەرچاو، بەلای کوردستاندا بشکێتەوە. هاوکات، ئەو قەیرانە قوڵانەی کە عێراق تێیکەوتووە بۆتە هۆی لاوازبوونی توانای بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی بەدەوڵەتبوونی کوردستانی. بە واتایەکی دیکە، کوردستانێکی سەربەخۆ خۆی لەبەردەم دەوڵەتێکی لاوازی دەرگیر بە کێشە و دابەشبوونە ناوخۆیییەکانی دەبینێتەوە.
بەکورتی ئەمڕۆ عێراقی دوای سێ دەیە لە جەنگو سزاو ئابڵوقەو پەراوێزبوون و دەرچوونی لە هاوکێشە هەرێمایەتییەکان و داگیرکاری و شەڕی ناوخۆیی لەهەموو شتێک بچێت لە دەوڵەتێکی یەکگرتوو و سەقامگیر ناچێت. باشترین تەعبیر بۆ ئێستای عێراق ئەوەیە کە وڵاتێکی پارچەپارچەو دابەشبووی ناوجەرگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستێکی پڕ لە فەوزاو قەیرانە. ئەم فەوزاو بێسەروبەرییەش هەلێکی ئاڵتوونی کەم وێنەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی.

### لایەنە بەهێزەکانی عێراق

سەرەرای ئەو هەموو قەیران و کێشمەکێشەی باسمانکرد، عێراق لە زۆر ڕووەوە ئێستاش وڵاتێکی بەهێزە. عێراق ئەمڕۆ یەکێکە لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان لە بواری نەوتدا. دەتوانین لایەنە بەهێز و توانا ئابورییەکانی عێراق لە چەند خاڵێک کۆبکەینەوە:

- خەزێنە نەوتی عێراق لە ١٤٣ ملیار بەرمیل نەوت زیاترە. ئەمە بەبێ ئەو خەزێنەی لە کوردستاندا هەیە. بەمەش لە دوای عەرەبستانی سعودی دەبێتە دووەم دەوڵەت لە خەزێنەی نەوتی دەرنەهێنراو.
- عێراق توانای بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی گەیشتۆتە زیاتر لە ٣ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.
- داهاتی ساڵانەی فرۆشی نەوتی عێراق زیاتر لە ١٢٠ ملیار دۆلارە.

قسەی ئێمە لەسەر پەیوەندی ئەو گەورەبوونە ئابورییەی عێراقە لەگەڵ پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. ئەم زلهێزە چاوەڕوانکراوە نەوتییە لەداهاتویەکی نزیکدا مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر کوردستان. مەترسییەکە هێندە گەورەیە ئەگەر لە داهاتویەکی نزیکدا کوردستان جیانەبێتەوە ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە عێراقی پێترۆدۆلار کوردستان هەڵلوشێ، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی

کە عێراق دەستی زۆر بڵاوترە لە وەبەرهێنان لە بواری نەوت. هاوکاتیش وەبەرهێنانی لە هەمان بواردا لە کوردستان بەرتەسک کردۆتەوە بەو هەموو فشارەی دیخاتە سەر کۆمپانیا نەوتییەکان تا لە کوردستان وەبەرهێنان نەکەن.
ئەم مەترسییە هەر لێرە ڕاناوەستێت، بەڵکو مانەوەی کوردستان بە فۆرمە فیدرالییەکەی، لە داهاتوویەکی نزیکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بکەوێتە ژێر هەڕەشەی سەربازی عێراق. عێراق ئەمڕۆ لە گەرمەی خۆ پڕچەک کردندایە. هێزی پێترۆدۆلاری عێراقی هاوکارێکە بۆ ئەوەی عێراقێکی هاوشێوەی عێراقی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو دروستببێتەوە کە پارسەنگی هێز لە ڕووی لەشکر و چەک و تەکنەلۆژیا بەلای ئەودا بشکێتەوە. ئەمەش وا دەکات کە عێراق لە هەر رووبەرووبوونەوەیەکی سەربازیدا لەگەڵ هەرێم زەفەر بە هەرێم و خەڵکەکەی ببات.
مەترسی گەورەی هێرشکردنە سەر کوردستان لەوەدایە کە ئەوکات عێراق وەک وڵاتێکی خاوەن سیادە مامەڵەدەکات و کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا وەک پرسێکی ناوخۆ لە قەڵەمدەدرێت. ئەگەرەکانی بەدەنگهاتنی ڕای گشتی و وڵاتانی دیکە کەمتر دەبێت یان زۆر وەدرەنگ دەکەوێت. هەموو ئەوانە بەسەر یەکەوە وا دەکات کە مەسەلەی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی ببێتە مەسەلەیەکی هەنوکەیی چارەنوسساز.

## بەشی هەفتەم: هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی و هەنوکەیی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان

### هەلومەرجی ناوچەیی

لە بەشی پێنجەم و شەشەمی ئەم زنجیرە وتارەدا باسمان لە هەلومەرجی کوردستانیی و عێراقیی لەمەڕ هەنوکەیی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی کرد. لەم بەشەدا باس لە هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانیی لە پەیوەند بە هەمان پرسدا دەکەین.
ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئەمرۆ بە دوو ئاراستەی هاوتەریب هەنگاو دەنێت. لەسەرێکەوە بە قۆناغی خۆ ئاراییشدانەوەدا دەچێت و ئەو سیستەمەی کە نزیک لە سەدەیەکە ناوچەکەی لەسەر بونیاتدەنرا و کوردی تێدا لە قاڵبدەدرا خەریکە هەڵدەوەشێتەوە. لەسەرێکی ترەوە، قەیرانە کۆنەکان چ لەناو وڵاتەکاندا، چ لەنێوان وڵاتەکاندا سەریانهەڵداوەتەوەو خەریکە تەشەنەدەکەن.
یەکێک لە دەرەنجامە ئەرێنییەکانی ئەو ئاراییشدانەوە و سەرهەڵدانەوەی کێشە مێژوویەکان بۆ کوردستان بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەرە رانەگەینراوەی کە لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا پێکهاتبوو لە دژی کورد و کوردستان. هەر کام لەم چوار دەوڵەتە دەرگیری کێشە ناوخۆییەکانیانن. بۆ نمونە، تورکیا بە دەست ئەم کێشانەوە دەناڵێنێ:

1. قوبرس و پرسی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ کە بونەتە ڕێگری سەرەکی لە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا.
2. پەکەکە، کە لەشکر و هێزە ئەمنییەکانی تورکیای سالآنێکە سەرقاڵکردوەو بارێکی قورسیشی خستۆتە سەر ئابوری وڵاتەکە.
3. جێلەقبوونی پێگەی پارتە تورکییەکان لە کوردستانی باکور کە لە سەرکەوتنەکانی پارت و لایەنە کوردستانیەکان لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا دەرکەوت.
4. قوڵبونەوەی پرسی شوناس لە تورکیا لەنێوان هەردوو باڵی کەمالیزم و نیۆ-عوسمانییەکان (Neo-Ottomans) لەسەر علمانیەت و گەڕانەوە بۆ ئیسلام.

5. سەرقاڵبونی تورکیا بەو کێشە گەورەیەی کە ئێستا لە ناوچەکە لە نێوان سوننە و شیعە سەریهەڵداوە.
6. گرژبوونی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ تورکیا بە ڕادەیەک دەکرێت بڵێین دۆستە ستراتیجیەکەی لە ناوچەکە لە دەستداوە.

بەهەمانشێوە، ئێران ڕووبەرووی کۆمەڵێک کێشەی گەورە بۆتەوە، لەوانە:
1. فشار و ئابڵوقە ئابوری و سیاسییەکانی لە دەرئەنجامی سەرکێشیکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئاژانسی وزەی ئەتۆمی.
2. سەرقاڵبوونی بە کێشە و ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەگەرەکانی هێرشی سەربازی ئەو دوو وڵاتە بۆ سەر دەزگا ئەتۆمییەکانی ئێران.
3. سەرقاڵبوونی ئێران بە کێشە ناوخۆییەکانی خۆی و دەستەویەخەبوونی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە تاران.
4. کێشە ئابورییەکانی، لەوانە: بەرزی ڕێژەی بێکاری، دابەزینی نرخی تومەن، بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئاوسان (inflation).
5. گیرۆدەبوونی بە پرسی پەراوێزخستنی لە ناوچەکە و لە جیهاندا.
6. تێوەگلانی لە پرسی ناوخۆی عێراق و سوریا و کێشە ناوخۆییەکانی نێو شیعەکانی عێراق.

سوریا وەک وڵات و هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی بە تەواوی گیرۆدەی شەڕێکی ناوخۆیین کە ئاسۆکانی لەم نزیکانە ڕون نیە و ئەگەری بەردەوامبوونی شەڕی ناوخۆ تا ماوەیەکی درێژ هەیە. لە ڕاستیدا، دەکرێت بڵێین سوریا لەسەر لێواری داڕوخانە و نەک توانای هێرشکردنە سەر کوردستانی نیە بەڵکو توانای دامرکاندنەوەی نارەزایەتییەکانی ناوخۆی خۆشی نیە. هەر لایەنێکیش شەڕەکە بباتەوە تا چەند ساڵێکی دیکە توانای گەڕانەوەی بۆ ئاستی پێش شەڕی ناوخۆ نییە.

**سەرهەڵدانەوەی جەمسەری سوننەگەریی و شیعەگەریی**

جگە لەم قەیرانە ناوخۆییانە کە وڵاتە نەیارەکانی ناوچەکە بە دەستییەوە دەناڵێنن، ریزبەندییەکی دژبەیەکیش ئەو وڵاتانەی دابەشکردووە کە دەرەنجامی نەک هەر تەرجومە و تێگەییشتنی جیاوازە بۆ "بەهاری عەرەبی" بەگشتی و سوریا بەتایبەتی بەڵکو بەرژەوەندی و ستراتیژی دژبەیەکیش لە ناوچەکە لەگەڵ ئەم پێشهاتانە سەریهەڵداوە و وڵاتانی ناوچەکەی بەسەر دوو ئۆردودا دابەشکردوە. کێشەی ئەو دوو ئۆردوە درێژکراوەی کێشمەکێشەکانی سەدەی شازدەن کە نوێنەرایەتی دوو جەمسەری شیعی و سوننیی ئەوکاتیان دەرکرد و ئێستاش جارێکی دیکە کوانەکە تەقیوەتەوە.
لە ئێستادا، ئەو دوو زلهێزە ناوچەییە، تورکیا و ئێران، گرەو لەسەر دەسەڵاتی سوننە و شیعە لە عێراق و سوریا دەکەن. ئێران لە هەوڵی تۆخکردنەوەی هیلالی شیعیدایە و دەستی بە باڵی رژێمەکەی ئەسەدەوە گرتووە و پشتگیری و براگەورایەتی حوکمرانی شیعی لە عێراقدا دەکات. لەلایەکی ترەوە، تورکیا بە خەونە نیۆ-عوسمانیەکەیەوە زۆر چالاکانە هاتۆتە مەیدان و شوێن پەنجەی لە سەر ئاراستە و ئەنجامەکانی "بەهاری عەرەبی" دا هەیە. بەئاشکراش لەڕێگای پشتیوانیکردنی لە ئۆپۆزسیۆنی سورییەوە لە هەوڵی کاڵکردنەوەی هیلالە شیعییەکەی ئێراندایە.

**ڕۆڵ و شوێنی کوردستان لە ململانێی جەمسەری سوننەگەریی و شیعەگەریی**

لە ئەنجامی ئەو ململانێ مەزهەبییەدا تورکیا و ئێران ناکۆکییەکانییان لەهەر کاتێکی دیکە قوڵتربۆتەوە لە سەر نفوزو پێگەپەیداکردن لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. ڕاستە تا ئێستا ستراتیژی هاوبەشی نێوان تورکیا و ئێران لاوازکردنی جێگە و پێگەی هەرێمی کوردستان و رێگرتنە لە

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی، بەڵام لە ئێستادا هەوڵی سنوردارکردنی نفوزی یەکدی لە ناوچەکە و کاڵکردنەوەی کاریگەری ئەویدیکە لەسەر هەرێمی کوردسان خەریکە جێگای ئەو ستراتیژە هاوبەشەیان بگرێتەوە. بەکورتی کوردستان لە ناوچەیەکەوە کە لەژێر هەڕەشەی دوو دەوڵەتە زلهێزەکەی ناوچەکەدا بوو وەرچەرخاوە بۆ ناوەندێک کە هەردوولا کێبڕکێ لەسەر نفوز و پەیداکردنی کاریگەری زیاتر لەو هەرێمدا دەکەن.
تورکیا و ئێران لە ریزبەندی یەکەم و دووەم دێن لە سوودمەندبوون لە بازرگانی و سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان. قەبارەی بازرگانی سەرمایەگوزاری تورکیا خۆی لە ٨ ملیار دۆلار دەدات و چاوەڕواندەکرێت لە چەند ساڵی داهاتودا بگاتە ٢٥ ملیار دۆلار.
جگە لەوە بەرژەوەندیی و کێشە هەرێمییەکانی هەر دوو وڵات بوارێکی گونجاوی بۆ مانەوەو سەرکەوتنی دەوڵەتی کوردستانی باشتر رەخساندووە. بۆ نمونە، هەردوو وڵات بەسەر یەکەوە نزیک بە ١٠٠٠ کیلۆمەتر سنووریان لەگەڵ کوردستاندا هەیە. بۆ ئێران کوردستانێکی دۆست و هاوپەیمان دەتوانێت رایەڵێکی زەمینی بێت لەنێوان ئێران و سوریادا، لەهەمان کاتیشدا ناوچەیەکی عەزلیش بێت لە نێوان سوننەی عێراق و تورکیادا. کوردستانێکی هاوپەیمان بۆ ئێران دیسان دڵنیایی دەداتە ئێران کە خاکی کوردستان لە دەرگیرییە چاوەڕوانکراوەکانی نێوان ئێران و رۆژئاوا لە دژی ئەو وڵاتە سوودی لێوەرناگیرێت.
بەهەمانشێوەش، بۆ تورکیا کوردستانێکی هاوپەیمان هەم وەک ناوچەیەکی دابڕێنەر لەنێوان بەغدایەکی ژێر هەژموونی ئێران سوودی لێوەردەگیرێت و هەم وەک دەروازەیەک بۆ گەیشتن بە سەرجەم عێراق بەگشتی و سوننەکان بەتایبەتی. لەهەمانکاتیشدا کوردستانێکی دۆست لەحاڵەتی مانەوەی ئەسەد دا رێگر دەبێت لە هاوپەیمانییەکی ناوچەیی (کوردستانی-ئێرانی-سوری) لە دوارۆژدا.
بوونی ئیحتیاتێکی نەوتی ٤٥ ملیار بەرمیلی و ئیحتیاتێکی غازی نزیک بە چوار ترلیۆن مەتر سێجا، هەروەها توانای کوردستان بۆ هەناردەکردنی یەک ملیۆن بەرمیل نەوت رۆژانە بۆ زیاتر لە ١٢٠ ساڵ، بایەخی جیۆپۆلەتیکی کوردستان چەند قات دەکاتەوە. دەبێت ئەوە بزانین کە پرۆژەی بۆڕییە نەوتەکانی کوردستان کە لەژێر دروستکردندان و لە ساڵی ٢٠١٤ تەواودەبن، کوردستان ئازاددەکات لە پشتبەستن بەو بۆڕیانەی ئێستا لە کەرکوکەوە نەوت بە ناوچە عێراقییەکاندا دەگەیننە تورکیا.
بە ئیزافەی ئەمانە، ئێران دەیەوێت قورسایی ئەو دابڕان و پەراوێزکردنەی ئێستای کە لە سایەی ئابلۆقەی نێودەوڵەتی تێیکەوتووە کەمبکاتەوە. هاوکات تورکیاش دەیەوێت ببێتە دەروازەی تێپەرینی نەوت و گاز لە رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە بۆ ئەوروپا.
کاریگەرییەکانی ئەو بەرژەوەندییانە لە ئێستاوە لەسەر پێوەندی کوردستان و ئەو دوو وڵاتە دەرکەوتووە. لە ئێستادا، ئێران رێڕەوی هەناردەکردنی "بە قاچاغ ناردنی" نەوتی هەرێمە، بە چاوپۆشین لەچۆنیەتی ناردنی نەوت و ئیدارەکردنی، ئەم دەروازەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە نەوت هاوتای دەریا دەروازە دەکاتەوە بۆ گەلە گەمارۆدراوەکان.
تورکیاش بەهەمان شێوەی ئێرانییەکان، ئەگەر زیاتریش نەبێت، ئامادەیی تێدایە کە ببێتە دەروازەیەک بۆ هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ ئەوروپا. لەم رووەوە کوردستان بایەخێکی بەرچاوی دەبێت بۆ تورکەکان.
بەمجۆرە لە حاڵەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیدا، نەوت دەبێتە باشترین چەک بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە. ئێمە پێمانوایە نەک هەر ناردنی نەوت بەڵکو نرخی نەوتیش دەکرێت لەگەڵ تورکیا گفتوگۆی لەسەر بکرێت بۆ ڕازیکردنی تورکیا، بە واتایەکی دیکە نەوت بەرابەر دانپێنان و دەروازەکردنەوە دەکرێت بەکاربێت.
ئەوکات، تورکیا و ئێران، بەتایبەتی تورکیا، لە وڵاتی رکابەر و هەستیار بەرابەر بە هەرێمی کوردستان دەکرێت بگۆڕێن بۆ دوو هاوپەیمان و هاوبەش، بەتایبەت لە بواری بازرگانیدا. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە تورکیا ماوەیەکە نەک هەر پرسی فیدراڵی وەک جاران بە هەڕەشە نابینێت، بەڵکو لەهەمبەر

چونەسەرەوەی داواکانی کوردستانیان بۆ سەربەخۆییش لە ناو گوتاری کوردستانیدا بێ دەنگە و وەک تابۆ مامەڵەی لەگەڵدا ناکات.
ئێمە پێمانوایە کە تورکیا ئەو قۆناغەی تێپەراندووە کە بە هەڕەشە و هێرش و داگیرکاری بێت مامەڵە لەگەڵ پرسی دامەزراندی دەوڵەت لە کوردستان بکات. تورکیا چاکدەزانێ هێرشکردنە سەر کوردستان لە دوورمەودادا دووچاری شەڕێکی دۆڕاوی دەکات.
چاوخشانێک بە میدیاکانی تورکیا وێنەیەکی تەواو جیا لەو وێنەیە دەبینرێت کە ساڵانی ڕابردوو دەبینران. میدیای تورکیی، کە زۆرێکییان لە دەسەڵات و حزبە تورکییەکانەوە نزیکن، ماوەیەکە مەسەلەی رازی بوونی تورکیا بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بە ناڕاستەوخۆ دەوروژێنن. بۆنموونە، بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەی کە گوایە ژەنەرال پاتریۆس، بەڕێوەبەری دەزگای سی ئای ئەی ئەمریکی، بە هاوتا تورکییەکەی گوتووە دان بە دەوڵەتی کوردی بنێن لە بەرابەر براگەورەیەتی تورکیا بۆ ئەو دەوڵەتە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا باشە. هەروەها میدیاکانی تورکیا دەنگۆ ئەوەیان لێدەهات کە گوایە پێشنیارێک لە ژێر باسدایە بە پێدانی ئیمتیازی ٥٠% نەوتی کوردستان بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لە بەرابەر پشتیوانیکردنی تورکیا لە دەوڵەتی کوردستانی.
ئەم هەواڵانەی میدیا تورکییەکان بڵاویدەکەنەوە گرنگ نییە داخۆ راستە یان تەنها خەیاڵی میدیای تورکییە، گرنگ ئەوەیە کە میدیا و رای گشتی تورکی چیتر دەوڵەتی کوردستانی وەک فۆبیایەک تەماشاناکەن. بە پێچەوانەوە، خەریکە بەئاقاری قەبوڵکردن و هەڵکردن لەگەڵ دەوڵەتی کوردستانی خۆیان و خەڵک ڕادێنن بەڵام بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی تورکیا. گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی تورکیاش پێمانوایە دەکرێت یەکبگرنەوە لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسی و بازرگانییەکان کوردستان. ئەمەش وەرچەرخانێکی تازەیە لە پێوەندی و ستراتیژییەتی تورکیا و ئێران کە دەکرێت بۆ هەنگاونان بەرەو دەوڵەتێکی کوردستانی سوودی لێوەربگیرێت.

## کێشە ناوخۆکانی وڵاتانی عەرەبی

هاوشێوەی پێوەندی نێوان تورکیا و ئێران وڵاتە عەرەبییەکانیش دابەشبوون و لێکترازانێکی کەموێنەیان بەخۆوەبینیوە. وڵاتە عەرەبییەکان سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکانییان و بەشێکیان دەرگیری ئاڵوگۆڕن و ئەوانی تریش تارمایی شۆڕش و راپەرینی جەماوەری بەسەریانەوە دەسوڕێتەوە، لەوانە جەزایر، مەغریب و ئوردن. میسر و یەمەن لەناو برینەکانی خۆیاندا دەخولێنەوە. سودان دەرگیری کێشەکانی دافور و سنورە دیارینەکراوەکەیەتی لەگەڵ تازەدەوڵەتی باشوری سوداندا. لیبیا و تونس خەریکی دووبارە خۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی خۆیانن دوای ئەو بومەلەرزە جەماوەرییەی هەر دوو وڵاتی هەژاند. وڵاتانی کەنداو ترسی هەژمونی ئێران و بزوتنەوە بەرهەڵستکارییە شیعەگەراکانیان لێنیشتوە کە نیشانەکانی لە بەحرین دەرکەوتون.
ئەم بارودۆخە شێواو و ناجێگیر و راگوزەرە هاوتای ئەو قەیران و وەرچەرخانە مێژووییانەن کە لە رابردوودا هاتونەتە پێش. لەوانە داڕوخانی یەکێتی سۆڤییەت و یۆگوسلافیا، کە وەک هەلێک لەلایەن گەلە ژێردەستەکانەوە سوودی لێوەرگیردرا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتە سەربەخۆکانییان.
کوردستان کەوتۆتە جەرگەی ئەو ناوچەیەی کە ئەمڕۆ خۆی ئارایشدەکاتەوە و کێشە قەیراناوییە کۆنەکانیشی تێیدا سەریانهەڵداوەتەوە. ئەم بارودۆخە بوارێکی بێوێنە و بێپێشینەی بۆ موناوەرەکردنی گەلی کوردستان رەخساندووە بۆ هەنگاونان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. لەوەش گرنگتر بارودۆخی نالەباری نەیارانی دەوڵەتی کوردستان لەمڕۆدا زۆرترین شانس دەداتە مانەوە و سەرکەوتنی دەوڵەتی کوردستانی چاوەڕوانکراو.

## کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی و کێشەکانی ناوچەکە

مەسەلەیەکی گرنگی دیکە کە بوارێکی فراوانی بۆ موناوەرەکردن و شانسی سەرکەوتنی دەوڵەتی کوردستانی رەخساندووە سەرقاڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بە گرفتەکانی وڵاتە عەرەبییەکان بەگشتی و سوریا بەتایبەتی. کێشەکانی نێوان ئێران و رۆژئاواو ئیسرائیل لەلایەک و ئێران لەلاکەی دیکە پرسی دیکەن کە دەکرێت کوردستانیان سوودی لێوەربگرن.

ئەگەر ئەو ڕاستییە قەبوڵبکەین کە بەیەکگرتویی مانەوەی عێراق لە نۆ ساڵی رابردوودا بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا. ئەوەش قەبوڵبکەین کە ماوەیەکە ئەمریکا ئەو رۆڵە کاریگەرەی لە عێراق نەماوە و ئەوەش بخەینە ڕوو کە عێراقی شیعە ئێستاکانێ زیاتر بەلای بەرژەوەندییەکانی ئێران دەشکێتەوە تا ئەمریکا. ئەوا ئەوکات دەکرێت جورئەتی ئەوە بکەین و بڵێین کە ئەمریکا ئەو گەرمی و حەماسەتەی جارانی نەماوە بۆ "پیرۆزیی" و یەکپارچەیی عێراقێک کە لاربۆتەوە و لەژێر هەژموونی ئێرانی نەیاری ئەمریکادایە.

ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرتر دەردەکەون ئەگەر ئەوەش بخەینە پێش چاو کە لە نۆ ساڵی ڕابردوودا ئێستا ئەمریکا لەهەر کاتێکی پێشوتر پێگەی سەربازی و سیاسیی لە عێراق لاوازتر بووە. ئەوا ئەوکات دەتوانین بڵێین کە کوردستانێکی هاوپەیمان و دۆست رەنگە لەدواجاردا وەک بەدیلێك بۆ پاراستنی پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکە قەبوڵ بکرێت.

ئەم ئەگەرە زۆر بەهێز دەبێت ئەگەر دۆکومێنتی دابەشکردنی عێراق لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکا، کە لە ٢٠٠٦ دەنگیپێدرا، لەگەڵ پێشنیارەکەی جۆ بایدن بۆ دابەشکردنی سێ هەرێمییانەی عێراق هەڵبدەینەوە. بۆ ئەوەی لەبایەخی ئەو دۆکومێنتانە تێبگەین پێویستە بڕیاری رزگارکردنی عێراق لە سەردەمی دیموکراتەکان کە لە ساڵی ١٩٩٨ دەرچووبوو وەبیرخۆمان بێنینە. ئەو بڕیارە لەسەر رەفەکانی کۆشکی سپی و کۆنگرێس بۆ پێنج ساڵ تۆزیان لێنیشت بەڵام دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ لە دەرفەتێکی گونجاو خرایە بواری جێبەجێکردن و داگیرکردنی عێراقی لێکەوتەوە.

**شکانی پیرۆزیی سنورەکان**

دوا مەسەلەی پەیوەست بە رای گشتی جیهانی کە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی یەکدەگرێتەوە ئەوەیە کە سنوور و نەخشەی باوی وڵاتان، بە وڵاتانی عەرەبیشەوە، ئەو پیرۆزییەی جارانی نەماوە. ئەوە نزیک بە دوو دەیەیە کە زلهێزەکانی دنیا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هەندێک ئەکادیمی سەرسەختیشەوە راهاتوون کە دەوڵەتی نوێ و نەخشەی تازەی وڵاتان قەبووڵ بکەن.

هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و یۆگۆسلافیا کە نەک نەخشەی ناوچەیەک بەڵکو جیهانیان گۆڕی. لە دوای ئەوانیش دروستبوونی وڵاتانی وەک ئەریتیریا، تەیموری ڕۆژهەڵات، کۆسۆڤۆ و باشوری سودان وەک دەوڵەتی تازە و بە سنوری نوێوە ئێزافەی نەخشەی جیهان کران و پیرۆزیی سنوری وڵاتانی دیکیان شکاند. گۆڕانکاری سنورەکان خەریکە وەک کلتورێکی سیاسی نێودەوڵەتی جێگای خۆ دەکاتەوە. ئەمەش بوار بۆ قەبوڵکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی جیهان زیاتر دەرەخسێنێت.

بە کورتی، لە هەفت بەش لەم زنجیرە وتارەدا، جەختمان لەسەر گرنگی و هەنوکەیی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی کرد. هاوکات ئاستەنگ و تەحەداکانی پێش پرسی دامەزراندنی دەوڵەتمان ڕاڤەکرد و پێداگریمانکرد لەسەر ئەوەی کە دەکرێت ئەم ئەستەنگ و تەحەدایانە وەک هاندەر تەماشابکرێن هانماندەن بۆ سووربوون لەسەر دامەزراندن و هەنوکەیی پرسی دەمەزراندنی دەوڵەت. لە درێژەی باسەکانماندا گرنگی بەجەماوەریکردن و دورکەوتنەوە لە بەشەخسیکردنی پرسێکی چارەنوسسازی وەک دامەزراندنی دەوڵەتمان کردەوە. ئێمە خۆمان وەدوورگرت لە ڕەخنە و سەرکۆنە بەڵکو چارەسەرمان کرد بە خولگەی باسوخواسەکانمان. لێرەدا جارێکی دیکە دەمانەوێت ئەو قسەیە

بکەین کە هەوێنی ئەم زنجیرە وتارە خستەڕووی کۆمەڵێک ڕێگەچارە و میکانیزم بوو کە دەکرێت وەک نەخشەڕێگایەک کەڵکی لێوەربگیردرێت بۆ دەمەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیی.

تێبینی: ئەم بابەتە لە حەوت بەشدا لە رۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە